سیپارۆکەی بنەچەزانی

نووسینی: ڕێکار ئەحمەد

سوێد ساڵی ٢٠٢١

ددرەسەکانی وەرز

ئەرددەر:

ئەوسا سەوسەن

پێشکەشە بە :

- **گیانی ڕۆژای تاقە کچم مخابن لە پازدەهەمین بەهاری تەمەنیدا وەک گوڵ هەڵوەری.**
- **تۆی هێژا کە زمانی کوردیت خۆشدەوێ و بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێیت.**

ناوی بەرهەم: سیپارۆکەی بنەچەزانی
بابەت: زمانەوانی
نووسینی: ڕێکار ئەحمەد
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی: کارۆ / سلێمانی، باشووری کوردستان
ژمارەی سپاردنی کتێبخانەکانی سوێد
ISBN: 978-91-985436-5-0

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارە (٢١١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە.

پێڕست

بابەت **لاپەڕە**

بەراهیک ۷
بنەچەزانی بۆچی؟ ۹
بنەچەی هەویر لە کوێ بدۆزینەوە؟.....۱۳
مەکەنە بورج وشەیەکی کوردییە! ۱۹
وێر ۲۱
ئاغا ۲۳
ئەستەویر ۲٤
گفتوگۆ ۲۵
فاکەڵتی ۲۷
مام ۳۰
هۆپ لە وشەی ستۆپی ئینگلیزییەوە نەهاتووە ۳۲
دایباب واتای دروست نابەخشێ ۳٤
ڕەدوو ۳۸
مامۆستا ٤۲
پارس و پارسوا ٤۵
پارسا و پارسەک ٤۸
بەڵێ ئەم وشەیەش کوردییە! ۵۰
نوستن ۵۳
پەنجە و ئەنگوست ۵۵
وشەی هێمن ڕەگی دێرینەی هەیە ۵۷
سەد یان سەت ٦۱

بۆچی وشەی بێبنەچە دەهێنن؟ ٦٣
بنەچەی هەندێک وشە کە مشتومڕیان لەسەرە ٦٧
ئەکادیمیا ٨٥
کێشەکانی چاوگی ئاڵۆز ٩١
دووپاتبوونەوەی وشە..... ٩٣
ئەرکەکانی دی و تر جیاوازن ٩٥
سان، پاشگرێکی لەبیرکراو ٩٧
سێ لنگی ڕیزمانی کوردی ٩٩
شەڕ بە پیتەکانی 'ح، ع، غ، ق' مەفرۆشن ١٠٧

بەراهیک

لە بەرایی ئەم سیپارۆکەیەدا، ناچارم بڵێم کە هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی بە قۆناغێکی گەشەکردوو گەیشتووە، ڕۆژ دوای ڕۆژیش بەرفراوان و چڕتر دەبنەوە، بەو هۆیەوە من وەک کوردێک ناتوانم لە بەرانبەر ئەو هەڕەشانەدا کڕ و بێدەنگ دابنیشم، ناچارم کە بەرۆکی هەندێکیان بگرم، نووکی پێنووس لە ورگی ناڕاستیەکانیان ڕابکەم؛ بۆیە بێباکانە و بە ڕاکردن دەڕۆم و لە هیچ بەربەستێک ناسەنگرێمەوە، چونکە لە سنووری دڵڕاگرتن و خاترانە تێپەڕی کردوە و ئەوان بەزەییان بە هیچ شتێکدا نایەتەوە و منیش ناتوانم مادەلاییان بۆ بکەم و دڵیان ڕابگرم. هەروەها هیچ باوەڕم بە وشەی ئیمۆلۆجیا و ئیتمۆلۆجیا نییە و نێوانیشم لەگەڵ ئیتمۆلۆژی خۆش نییە، بۆیە بنەچەزانی، پەیڤناسی و ڕیشەناسی بە ڕاست دەبینم و لەو ئاقارەدا هەنگاو هەڵدەگرمەوە.

دوژمنی زوانی کوردی پێی خۆش بێ یان پێی ناخۆش بێ، ئیدی ئەم زمانە یەکێک لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی جیهانە، وێڕای ئەوەی کە هەزار و چوار سەد ساڵە لێبڕاوانە ڕووبەڕووی شاڵاوی ڕەت کردنەوە، قەدەغەکردن، شێواندن و

سـرینەوە دەبێـتەوە، کەچـی زاگـرۆس ئاسـا بە پێـوە ڕاوەسـتاوە، شـێلگیرانەش بەرەو هەوراز هەڵدەکشـێ، ڕکابەرەکـانی خـۆی دەبەزێنـێ و ناچاریـان دەکـات کە دەست لە سنگ بۆی ڕابوەستن.

زمانێـک کە بەرانـبەر ئەو هەمـوو سـتەم و بێـدادییە ڕاوەسـتابێ، زاراوە و بنزاراوەکـانی خـۆی پاراسـتبێ و داکـۆکیی لە ناسـنامەی خـۆی کردبـێ، هەرگیـز نـاتوێتەوە، لەم سـۆنگەیەوە گەشـبینانە لە داهـاتووی زمانەکەمـان دەڕوانـم، بەڵام دیسـانەوە دەبـێ شـاپ لە نـابەرابەری، نـاڕەوایەتی و سـتەمکاری بـدەین و ڕاسـتوێژانە بە زمـانی پـاراوی باپیرانمـان گـۆرانی بچڕین.

هەرچەنـدە بە تێپەڕبـوونی کـات، هەنـدێ وشـە دەگـۆڕێن، بەڵا لەم سـیپارۆکەیەدا بـۆ بـنج و بنەوانـی هەنـدێک پەیڤـی ڕەسـەن شـۆر دەبینـەوە و دەمـانەوێ ناسـنامەکەیان سەررڕاسـت بکەیـنەوە، کە هەنـدێک کەس خەریکـن بە سـیکاردی کـول سـەریان دەبـڕن، خـۆ ئەگەر ئـێمەش سـەرچیغ نیشـانەمان گرتبـێ و ئامـانج نەپێکرابـێ، تکاتـان لـێ دەکەم و لە ئێـوەی ڕێـزدار دەخـوازم کە بـۆ ڕاسـتکردنەوەیان هاوکارمـان بن و ڕێنوێنیمان بکەن.

بنەچەزانی بۆچی؟

بنەچەزانی چڵێکی درەختی زانستی زمانە، لێکۆڵینەوە لە ڕەگ و ڕیشەی پەیڤ و هۆکاری گۆڕینی لە دێرینەوە بۆ ڕسکانی ئێستای دەکات. ڕاستییەکەی بە هۆی بنەچەزانیی پەیڤەکانەوە دەتوانرێ گۆشە تاریکەکانی ڕابردوو ڕۆناک بکرێنەوە، هەروەها دەتوانرێ هاوخێزانی و ڕایەڵەی خزمایەتی لەنێوان زمانەکاندا خۆیا بکرێن و بدۆزرێنەوە.

وەک دەگوترێ کە بۆ یەکەمین جار ئەفلاتون لە ژێرناوی کراتیل (cratyle)دا بابەتی بنەچەزانیی هێنایەگۆڕێ. نەوەیەک دواتر، ئەرستۆ پڕۆژەی لۆژیک و دەستووری زمانی دانا، پاشان زمانەوانانی دیکە هاتن و بەراوردکارییان لە نێوان زاراوەکانی وێژەییدا کرد. ڕاستییەکەی لە ڕێی بنەچەزانی و بە هاوکاری ناوی شوێن و هۆز و تیرە و نەتەوەکانەوە دەتوانرێ زێدی ئەو نەتەوانە دەستنیشان بکرێ. بە تایبەتیش کاتێک ئەو ناوانە شێ دەکرێنەوە، ئیدی لە لوتکەی ئاکامێکدا لەنگەر دەگیرێ. واتە کاتێک لە ناوی شاخ، دەشت، ڕووبار، گوند و هەرێمەکان دەکۆڵرێنەوە، ئاکامێکی باش وەدەست دێن. ڕاستە هەندێکیان وەکوو مەتەڵ دەمێننەوە و بە ئاسانی خۆیان ڕادەست ناکەن، بەڵام هەندێکی دیکەیان زۆر

بە ئاسانی ناوی تیرە و هۆز و نەتەوەکان دەخەنە بەر چاوان و دەیانناسێنن. بۆ نموونە وشەکانی سورچیاتی، خۆشناوەتی، مەنگوڕایەتی، زرارەتی، باڵەکایەتی و هتد، زۆر بە ئاسانی زێدی ئەو هۆز و تیرانە پێشکەش بە زمانزان و دیرۆکناسان دەکەن و بەڵگەی جێواری و ژینواریی ئەوان لەو ناوچانەدا سەرڕاست دەکەنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی ناوی کەسەکان، جەژن و دابونەرێتەکانەوە دەتوانرێ ئایینزا و دینەکان بناسێنرێن. بۆ نموونە: لەگەڵ ناوی زەردەشت، مووسا، عیسا و محەمەد بێپەروا دینەکان دەناسرێن؛ هەروەها بە جەژنەکانی، نەورۆز، جەما، چارشەممە سۆر، قوربان، ڕەمەزان، سەری ساڵی زایینی، ساڵی کۆچی و ...هتد دیسانەوە ڕێ و ڕێبازێک پێشان دەدرێن. لەگەڵ هێنانی ناوی شوێنە پیرۆزەکانی وەک لالش، ڕووگەی زەنگی ئاباد، مەکە و قودس دیسانەوە هەندێک زانیاریی گرنگ سەبارەت بە دینەکان بە دەست دێن. بێگومان ئەم زانیارییانە لە زانستی بنەچەزانیدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن و ئاکامی باشتر مسۆگەر دەکەن.

زانستی ڕیشەناسی کە خۆی لە تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی پەیف و واتاکانیدا دەبینێتەوە، ئاسانکاری زۆر بۆ ئاشکرا کردنی لایەنی میژوویی وشەکان و شوێنی ئافراندن و گەشەکردنیان دەکات،

چـونکه بەو هـۆیەوه دەتـوانرێ پێوەنـدی نێـوان پەیـڤه نـوێ و دێرینەکـان بـدۆزرێنەوه، واتاکانیـان شـرۆڤه بکـرێ و سـاغ بکـرێنەوه. واته بەو هـۆیەوه لێکـۆڵینەوه له دیـرۆک و پەیـدابوونی پەیڤەکـان و واتاکانیـان دەکـرێ، هەروەهـا پانتـایی واتاکانیـان لێکـدەدرێتەوه. ڕاسـتییەکەی پڕۆسـەی گـۆکردن و دەربـڕین، پشـت بە بەراوردکـاری وشـەی نـوێ و دێرینـی زمانێـک یـان چەنـد زمـانێکەوه دەبەسـتێ و ئەنجـامێکی گونجـاو دەبەخشـێ و کـار بـۆ ڕەواندنەوەی گومانەکـان دەکـات، سـەرەنجام لەسـەر کـاکله ڕەسـەنەکەی دەگیرسـێتەوه. واته لەو ڕێـیەوه سـەرچاوه ڕەسـەنەکەی دەدۆزرێتەوه.

زمـانی کـوردی پێشـینەیەکی دوور و درێـژی هەیە، بەڵام بە هـۆی سیاسـەتی داگیرکـاری و داسـەپاندنی زمـانی دیتـرانەوه، گومـان لەسـەر هەنـدێک وشـه دروسـت دەبـێ، مخـابن کەسـانێک بـۆ ئەو پێشـینەیە نـاگەڕێنەوه و بە چـاویلکەی ئەمـڕۆ لە وشـەکان دەڕوانـن و سـێرەی ناڕاسـت لە وشـەکان دەگـرن و برینـداریان دەکەن. لەو پێوەنـدەدا ئەرکـی هەمـوو تـاکێکی دڵسـۆزە کە هەڵوەسـتە لەسـەر پەیڤەکـان بکـات و بەدواداچوونیـان بـۆ بکـات، لەژێـر ڕۆشـنایی زانسـتی بنەچەزانیدا لە بێژینگیان بدات و یەکلاییان بکاتەوه.

نەوەی ئەمـــڕۆ، ڕایەڵەکـــانی پەیوەنـــدی ئاســـانی لە دەســـتدایە و دەتـــوانێ بە گەڕانێـــک ســـەرەداوەکان بە دەســـت بخـــات، ئیـــدی بەکـــاوەخۆ تـــۆژینەوە بـــۆ ئەو وشـــانەی کە مشـــتومڕیان لەســـەرە، بکـــات؛ نەک لەژێـــر ســـۆز و هەســـتێکدا، هەر ســـەرپێیانە بڕیـــار بـــدات و ئەو وشە دێرینانە بە زمانی دیتران بسپێرێ.

پـــێش ئەوەی عەرەب لەژێـــر نـــاوی دینـــی ئیســـلام بـــێ و ئەم نیشـــتمانە داگیـــر بکـــات؛ پـــێش ئەوەی تـــورک لە وشـــکە بیابـــانی مەغۆلســـتانەوە بـــۆ پەیـــداکردنی خـــۆراک پەلامـــاری ڕۆژهەڵاتـــی نـــاڤین بـــدات، خەڵکـــی ئەم نیشـــتمانە زمـــانێکی دەوڵەمەنـــد و باڵادەســـتیان هەبـــوو، ئـــابێ (ئەلفبـــێ/ ئەلـــف و بـــێ)ی تـــایبەت و هەزاران دەستنووســـیان هەبـــوو، بەڵام ئەوان هـــاتن و هەموویـــان ســـووتاندن. ئیـــدی لە پڕۆســـەی داگیرکـــاری و ســـەپاندنی زمـــانی خۆیانـــدا، هەوڵـــی بنکـــۆڵکردن و هەڵتەکاندنی زمانی ئێمەیان دا.

بـــۆ یەکلایـــی کـــردنەوە، دۆزیـــنەوە و گەیشـــتن بە بـــنەچەی هەر وشـــەیەک پێویســـتە بە ئـــارامی بەدواداچـــوون بـــۆ چـــاوگ، قەد، ڕەگ، واتـــا و پێوەنـــدی خێزانـــی لەگەڵ وشـــەگەلی دیـــکەدا بکـــرێ. ڕاســـتییەکەی بۆچـــوونی کەســـانی ئاســـایی ســـەبارەت بە زمـــان هێنـــدە گرفـــت دروســـت ناکـــات، بەڵام کەســـانێک کە خۆیـــان بە زمـــانزان و بـــنەچەزان و نووســـەر دەزانـــن و بە

سیکاردێکی کول زگی وشەی ڕەسەنی کوردی هەڵدەدڕن، زیان دەبەخشن، بەو هۆیەوە بۆ پاراستنی پەیڤە ڕەسەن و دێرینەکان، دەبێ هۆپیان پێ بکرێ.

بنەچەی هەویر لە کوێ بدۆزینەوە؟

بە پاساوی ئەوەی لە زاراوەی "سۆرانی دەگوترێ هەویر، لە هۆرامی دەگوترێ هەمیر، لە کەڵهوری دەگوترێ خەویر و لە لەکی دەگوترێ هاویر" ئیدی دەیانەوێ ناسنامەی کوردی لە پەیڤی 'هەویر' بسێننەوە و بۆ باخەڵی زمانی عەرەبی هەرەتەی بکەن!

بۆ داکۆکیکردن لە وشەی هەویر، دەبێ بگوترێ کە وشەکانی 'هەویر؛ هەوێن؛ هەوێدی و هەوکردن' بە زگێکی زمانی کوردی چاویان بۆ ژیان کردۆتەوە.

واتای وشەی 'هەویر' و 'هەوێن' بۆ هەمووان ئاشکرایە، هەروەها 'هەوکردن' واتای ئەستوور بوون و هەڵاوسان دەدا، هەر شتێک ئەگەر بە هۆی ئاو، یان سەرماوە هەڵاوسێ، دەگوترێ هەویکردووە، هەروەها بە بریتی قەتماغە گرتووش دەگوترێ هەوکردن. بێگومان کاتێک ئارد "هارد" لە ئاوێ دەکرێ، یان ئارد و ئاو تێکەڵاو دەکرێن و دەشێلرێن، قەوارەیان گەورەتر دەبێ، کردەکە هەویرکردنە و بەرهەمەکەش 'هەویر'ە، چونکە بە هۆی هەوکردنەوە بەرهەم دێ.

وشەی هەوێدی ناوی جۆرە گەنمێکە، دوای هارین دەبێ بە هارد، ئیدی بە ئاسانی دەبێتە هەویر و نانی

باشی لێ دروست دەکرێ. هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئەگەر پیاوێک لە ژنێک زیاتری هەبوو، ژنەکان دەبن بە 'هەوێ یان هەوی'ی یەکتر، زۆربەی جاریش هەوێیەکان لەگەڵ یەکدی ناتەبان و ناخیان دژ بە یەکدی هەڵدەئاوسێ و بریندی دەروونیان قەتماغە دەگرێ، لەوانەیە هەر بەو هۆیەشەوە وشەی 'هەوی و هەوێ' داهاتبێ.

لە لایەکی دیکەوە، وەک دەزانرێ کە دەنگی پیتەکانی 'هـ، خ، ح، ئ' زۆر لەیەکدی نزیکن، هەر بەو هۆیەشەوە لە ڕێنووسی ساسانیدا یەک وێنەیان هەبووە، زۆرجاران لە کاتی خوێندنەوەدا جیاکاری لە نێوانیاندا نەکراوە، ئیدی زۆر ئاسایی بووە کە هەویر بە خەویر گۆ بکرێ و بخوێنرێتەوە. دیسانەوە گۆڕینەوەی پیتێک بە پیتێکی دیکە لەنێو زۆربەی زمانەکاندا شتێکی ئاساییە و لە ڕابردووشدا ئاسایی بووە. وشەکانی {خوردە و هوردە و وردە هەر یەکن؛ هووردکردن و خوردکردن هەر یەکن؛ هری و خوری هەر یەکن؛ هوێڕی و خوێڕی یەکن؛ هیم و خیم یەکن و واتای بناغەی خانوو دەدەن؛ هێنک و خێنک و فێنک یەکن: هەم و خەم هاوواتان لەنێو دوو فۆرمی جیاوازدا، هاو و خام و خاو یەکن؛ خپ و هپ هەر یەکن؛ هەفتن و خەفتن و خەوتن یەکن؛ هیت و خیت هەر یەکن؛ هێت و خێت و خۆت

دیسانەوە هەر یەکن}، هەروەها {حیز و هیز یەکن و یەک واتایان هەیە؛ حەفت و هەفت یەکن؛ هەموو و حەموو دیسانەوە هەر یەکن}.

هەندێکجار لە وشەیەکدا پیتێک بە پیتێکی دوور لە دەنگی خۆیشیەوە دەگۆڕدرێ، وەک: {خرپن= خشپن؛ خشەک=خشۆک؛ خوناو=خوناڤ؛ خودا=خوتا؛ خیسار=خوسار؛ هەرد=عەرد؛ حەز=حەژ=حەش؛ خاش=قاش؛ خرچ =کرچ ... هتد}

بە هۆی خۆگۆڕین و جێگۆڕینی پیتەکانەوە، هەزاران وشە هەن کە لە زارەکاندا یەک واتایان هەیە و یەک شتن، کەواتە ئەگەر لە وشەیەکدا، پیتێک یان زیاتر وەک یەک نەبوون، واتای ئەوە نییە کە بنەچەی ئەو وشەیە هی ئەو زمانە نییە. لەم پێوەندەدا دەکرێ ئاماژە بە وشەی 'نەوی' و 'نەمی' بکەین، سەیر دەکەین نەوی واتای نزم دەدا. بنەچەی وشەکە نەمی و نەمییەتی دێرینەیە، لە هۆرامی بە 'نەمی' ماوەتەوە و لە سۆرانی بووە بە 'نەوی'؛ واتە پیتی 'م' لاچووە و پیتی 'و' جێیەکەی لێ داگیر کردووە.

مخابن ئێستا کەسانێک هەڵتۆقیون، وەک خۆیان گوتەنی ئیتمۆلۆجیا دەکەن بە سەنگی مەحەک!! ڕاستییەکەی وشەی ئیتمۆلۆجی لەلایەن ئەوانەی بە زمانی عەرەبی سەرسامن دەکرێ بە ئیتمۆلۆجیا و ئەوانەی بە فارسی سەرسامن دەیکەن بە ئیتمۆلۆژی!

کە هاوتـــای وشـــەکانی بنەچەزانـــی، ڕیشەناســـی و پەیڤناســـی کـــوردییە، بەڵام ئەوانە بـــایەخ و گرنگـــی بە خـــوێنەری کـــورد نـــادەن، خۆیـــان لـــێ دەگـــۆڕێ و دەیـــانەوێ لە ســـەربانەوە ســـەیری ژێـــرەوەی خۆیـــان بـــکەن! دەنـــا کە لە زمـــانەکەی خۆیانـــدا وشـــەی هاوواتـــا هەبێ، بۆچی پەنا بۆ وشەی دیتران دەبەن؟

هەنـــدێک کە مامۆســـتای ئیتمۆلۆجیـــان!! دێـــن و بـــنەچەی وشـــەی 'هەویـــر' بـــۆ وشـــەی 'خمـــر'ی عەرەبـــی دەگێـــڕنەوە، پاســـاوەکانیش ئەوەن کە گـــوایە بە 'هەویـــر و خەمیـــر و هەمیـــر' گـــۆدەکرێ، بەو هۆیەشـــەوە دەبـــێ وشـــەکە وەرگیرابـــێ!! خـــۆ ئەگەر پەیـــڕەوی لەو یاســـایە بکـــرێ، دەبـــێ بڵـــێن: 'هەور و عەور و ئەور و ئەبـــر' گـــۆ دەکـــرێن و یەک شـــتن، کەواتە دەبـــێ بـــنەچەی ئەو وشـــەیەش هـــی دیتـــران بـــێ؟!! هەروەهـــا 'هـــورگ و ورگ و عـــویرگ' گـــۆدەکرێن و هەر یەکیشـــن، دەبـــێ بـــنەچەی ئەمەش کوردی نەبێ!!

وشـــەی خەمـــر (خمـــر) لە زمـــانی عەرەبیـــدا واتـــای هەویـــر نـــادات، بەڵکـــو واتـــای مەی و گوشـــراوی گەمکـــراو دەدات، بەڵام ئەو مامۆســـتایانەی ئیمۆلـــۆجی لە خۆیـــان نەپرســـیوە کە ئایـــا خەمـــر لە چیـــیەوە دروســـت دەکـــرێ؟ خەمـــر لە بنچیـــنەدا لە تـــرێ دروســـت کـــراوە، لە نیشـــتمانی عەرەبیشـــدا ڕەز و بـــاغی تـــرێ نەبـــووە، دواتـــر لە میوەکـــانی دیـــکە و لە خورمـــاش بەرهەم

هـاتووە. ئایـا خەمـر بـنەچەی عەرەبـی هەیە؟ وشـەکانی 'خەمـر' و 'خـوامر' لە پەهلەویـدا واتـای ڕوئیایـان داوە، بە هـــۆی ئەوەی مرۆڤـــی مەســـت، خەون و خەیـــاڵی ســەیری بـۆ دێ؛ ئیـدی گـوتراوە خەمـر. هەقە بپرسـین بـۆچی کـورد وشـەی خومـار بەکـار دەهێنـێ؟ لەلایەکـی دیـــکەوە، دەبـــێ بـــزانین کە لە زمـــانی پەهلەویـــدا وشـــەکانی 'خـــومر، خـــومەر و خـــوەمر' لەگەڵ خەون هاوواتا بوونە.

ڕاســتییەکەی لە پاژەنـــددا بە 'ئەمەرا' و 'خەمەرا' تۆمـــار کراوە و بەم شێوەیە نووسراوە **ﺑـــ ﭻ ﺑـــ (ﺳـــ**

لە زمانی عەرەبیدا خومار بەم شێوەیە هاتووە:

(خُمَـار:اسـم. الخُمَـار :مـا خـالط الإنسـان مـن سُـكْر الخَمـر. بِـهِ خُمَـارٌ :مَـا يَعْقُـبُ شُـرْبَ الْخَمْـرِ مِـنْ صُـدَاعٍ وَأَذىً. خُمَـارٌ مِـنَ النَّـاسِ : جَمَـاعَتُهُمْ وَكَثْـرَتُهُمْ). کەچـــی لە هەنبـــانەبۆرینەدا هـــاتووە (خومـــار: کەســـێ کە دوای سەرخۆشـــی ســـەری دێشـــێ)، بەڵام ڕاســـتییەکەی خومـــار دەســـتەواژەیەکە بـــۆ مرۆڤـــی مەســـت و سـەرخۆش یـان نیـوە مەست، هەروەهـا بـۆ چـاوی لێـڵ دەکـار دەکـرێ، ئەوەتـا دەگـوترێ (دڵـی بـردم، نیگـای چـاوی خومـاری) یـان گـوتراوە (خەمـم مەسـتە و خومـارە چـاوی تەنیـاییم)، هەروەهـا گـوتراوە (چـاوی ڕەش و خومـاری، پیـاو دەکـوژێ بەیەکجـاری). هەر بـۆ سـۆراغی وشـەی 'خمـر'ی عەرەبـی، دەبـێ بـاس لە 'خم'یـش بکەیـن. خـم گیراوەیەکـی ڕووەکـی بـوو

بـــۆڕەنگکردنی قوماشـــی ســـپیی بەکاردەهـــات، خمـــی ڕەش و ســـۆر و مـــۆر هەبـــوون، بـــۆ ڕەنگکردنـــی بەن و خـــوری بەکـــاردەهێنرا، بەتـــایبەتیش بـــۆ مـــافوورچنین، هەروەهـــا خمخـــانەش هەبـــوو، جـــا ئیـــدی قوماشـــەکە لە خـــم هەڵدەکێشـــرا، بەو هـــۆیەوە ڕەنـــگەکەی دەگـــۆڕا، تـــا ئێســـتاش ئەگەر کەســـێک قســـەیەک بگـــۆڕێ و بە نادروســـتی بیگێـــڕێتەوە، یـــان هەڵەیەک بکـــات، دەگـــوترێ دە'خـــم'ت هەڵکێشـــن یـــان لەخمـــت هەریـــنن. باشـــە کـــێ نـــاڵێ بە هـــۆی گـــۆڕانی ڕەنگـــی ئـــارد لە کـــاتی تێکەڵاوکردنـــی لەگەڵ ئـــاودا نەبـــووە بە خمیـــر و خەمیر؟!

ئێســـتا بـــازاڕی ئیمۆلـــۆجی گەرم کـــراوە، هەر کـــێ دێ، ســـەرچۆپی دەگـــرێ و خـــۆی بە خـــاوەنی ئەو بـــازاڕە وێنا دەکا! دەک پیرۆزیان بێ.

لە دوماهیـــدا بەو مامۆســـتایانە دەڵـــێم: خـــۆ وشـــەی خەمیـــر لە زمـــانی فارســـیدا هەیە و هەر واتـــای هەویریش دەدات.

٢٠٢١-١-١٣

توتەبو

مەکەنە بورج وشەیەکی کوردییە!

بورج بینایەکی بازنەیی یان چوار گۆشەییە و لە شوێنێکی بەرزدایە، هەمیشە بۆ چاودێری کردن و زیرەڤانی سوودی لێ وەردەگیرێ. کاتی خۆی لەسەر لووتکەی شاخ یان لە شوێنێکی بەرزی کەنار دەریا دروست دەکرا، زیاتر بۆ ئاگادارکردنەوە لە هەواڵی هێرشی دوژمن و نەیاران سوودی لێ وەردەگیرا. پێش دەرکەوتنی ئیسلام، ساسانی ئیمپراتۆریەتێکی بەرفراوان و خاوەن دەستەڵات بوو، سنووریکی بەرفراوانی لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا هەبوو، بۆیە بۆ پاسەوانی و زیرەڤانی لە دوندی کێوەکان و لە کەنار دەریادا بنکەی چاودێرییان دروست دەکرد و بە بورز، بورژ، بورج ناودێر دەکرا. تەنانەت هەندێک جار قەڵای گەورە دروست دەکراو لە سەر قەڵاکەش، خاڵی پاسەوانی دروست دەکرا، واتە دەبوو بە بورجی سەر دژ، ئەوێ ڕۆژێ عەرەب نەک هەر دەوڵەتی نەبوو، بەڵکو دوو هۆز بوون و لە بیاباندا دەژیان، نە شوێنی ئەوەیان هەبوو بورجی تێدا دروست بکەن، نە لەو بیابانەشدا بورج دروست دەکرا.

هەروەها ئەوانەی لەناو قەڵاتدا دەژیان وەک بورژنشین پێوانەیان بۆ دەکرا، کە واتای کۆشکنشین یان کەسانی ناو قەڵای بەرجەستە دەکرد. پاشان لە

زمانی فڕەنسی[1] بە کەسانی دەوڵەمەند و کۆشکنشین گوترا بورژوازی (Bourgeoisie)،سەرەنجام بە بورژوازی ناونران. دواتر چینی بورژوا لە خەڵکی ئاسایی جیاکرانەوە. تەنانەت بورگ لە نێو زۆر زماندا وەک پاشگر جێی خۆی گرتووە، ئەوەتا شاری 'پێترزبورگ' و 'هامبۆرگ' 'و گۆتەنبورگ' هەن.

لە زمانی سوێدیدا بە کۆشکی بەرز دەگوترێ بۆری کە بە 'بۆرگ' دەنووسرێ و بە 'بۆری' دەخوێنرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە هەموومان دەزانین کە زمانی نەتەوەکانی ئورۆپا نزیکایەتی و خزمایەتییان لەگەڵ زمانی ساسانیی دێرین (کوردی و فارسی)دا هەیە، بەڵام لە زمانی عەرەبییەوە دوورن. باشە دەکرێ بورج عەرەبی بێ و زمانە ئورۆپایەکان وەک پاشگر وەریانگرتبێ؟!

ئیدی ئێستا تێر بە خۆت پێ بکەنە کە پێتوایە بورج وشەیەکی عەرەبیە و کورد وەریگرتووە.

٢٠٢٠-١٢-١٧

[1] - فڕەنسی یان فەڕەنسی ناوی ئەو زمانەیە کە خەڵکی وڵاتی فڕەنسا قسەی پێ دەکەن، کورد ناوی وڵاتەکە بە فەرەنسا و فەرەنسا دەبات، بەڵام خۆیان دەلێن La France

وێرد

کەسانێک هەن، هەر لە خۆیانەوە وشەی ڕەسەنی کوردی بۆ زمانی دیتران دەگێڕنەوە و لە کوردبوون بێبەری دەکەن. لەڕۆژانی ڕابردوودا تێچنەی زۆر سەبارەت بە وشەی 'وێرد' نووسران؛ هەبوو لە خۆڕاوە بۆ وشەی 'وەردە'ی عەرەبیان دەگێڕایەوە. ئاخر ئەوان لەوە بێئاگان کە لە زمانی ساسانیدا وشەی 'وەرد' هەبووە و بە واتای سوڕانەوە لە شوێنی خۆی بەکار هاتووە. وەرد واتە چەرخەکردن بە دەوری خۆ(خود). ئیدی من پێموابوو کە 'ورد، وەرد، وێرد' سیانەن و پێکەوە بەستراونەتەوە. وردکردن واتای لەتکردنی بچووک دەدا، وەرد زەوی کێڵراوە، ئەو زەویەی نەکێڵراو بێ، پێی دەگوترێ 'بەیار'، هەڵبەت وشەی 'وەرد'یش هەر لەوە هاتووە کە گاسن پارچە خاکەکان لەیەکتر دەکاتەوە، واتە بە سووڕاندن لەتیان دەکات، 'وێرد'یش واتای دووپاتکردنەوە دەدات. ئەگەر شتێک زۆر بگوترێ، دەبێ بە وێرد، تەنانەت بۆ ستایش و خواپەرستی سوودی لێ وەردەگیرێ.

ئێستا بۆ ئەوانەی کە پێیانوابوو وێرد لە 'وەرەدە'ی عەرەبییەوە هاتووە، دەڵێم: لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا وشەی 'ورامت، وێرامد و ورامتەن' هەبوونە و بە واتای جوینەوە، دووپاتکردنەوە و دووبارەکردنەوە هاتوون. دیارە وێرد هەر هەمان وشەی 'وێرامد'ی ساسانیە، مرۆڤ کاتێک شتێک زۆر دەجوێتەوە، واتە چەند پات کردنەوە و

وێرد کردن. کردەی وێردکردن خۆی لە خۆیدا بەردەوام لێدانەوەی پەیڤ و ڕستەیەکی دیاریکراوە. ئەوەتا دەگوترێ : (ناوی پیرۆزی تۆیە، بۆتە وێردی سەر زمان). وێرای هەموو ئەوانەش، دەبێ ئاگامان لەوە هەبێ کە لە زۆر بنزاراوەدا چەمانەوە و قرچانەوە(شکانەوە)ی پیت پێڕۆ دەکرێ. ولّات دەبێ بە وەلێت؛ شڤان بە شڤێن؛ ڕا دەبێ بە ڕێ؛ وەر دەبێ بە وێر، ل ور دەبێ بە ل وێر؛ پادشا دەبێ بە پەدشا؛ وەرزش دەبێ بە وێرزش؛

ئاغا

زۆربەی نووسەران جەخت لەسەر مەغولی بوونی ئەم وشەیە دەکەنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی وشەکە مەغۆلی نییە، ڕەگوڕیشەی بۆ زمانی دێرین دەگەڕێتەوە، لە زمانی ساسانیدا وشەی بەغ بە واتای خودا، یەزدان و مەزن بە کار هاتووە؛ هەروەها بە پیاوی ئایینی گوتراوە موغ، بە مرۆڤی باوەڕداریش گوتراوە موغۆ؛ بە کەسی گەورە گوتراوە ئاغا، کەچی وشەی ئاغ بە واتای چ کەسێک دەکار کراوە، تەنانەت لە جیاتی خاوەنشکۆ ئۆیبەغ و ئیبەغ گوتراوە. لە دواندنی مرۆڤی گەورەتر گوتراوە: شمە بەغان! واتەی ئێوەی گەورە (ئێوەی سەروەر)، بەغان لەگەڵ وشەی جەناب، بەڕێز و سەروەر هاوواتایە، زۆر جاران دەگوترێ: ئێوەی سەروەر، ئێوەی بەڕێز. جاران لە لادێ و گوندەکانی کوردستاندا، وشەی ئاغا بۆ گەورەی گوند یاخود ئەوانەی زەوی و زاری زۆریان هەبوو، دەکار دەکرا، ئەوانیش بە هۆی سەروەتەکانیانەوە خۆیان لە خەڵکی ئاسایی جیا دەکردەوە. هەر لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا، وشەی ئاغری بە واتای بەرزترین و مەزنترین هەبووە؛ وشەی 'ئاغریتوم' یش بە واتای زۆر بەهێز جێوار بووە؛ کەچی بە دێوی گەورە گوتراوە 'ئاغاش دێف'.
لە کۆتاییدا دەڵێم: ئاغا دەستەواژە و نازناوێک بووە، بە کەسی باڵاتر و بەهێزتر لە خەڵکی ئاسایی دراوە.

ئەستەویر

نەدەبوایە هیچ گومانێک لەسەر وشەی ئەستەویر هەبێ، کەچی هەندێک بەناو زمانزان بەرۆکی ئەم وشەیەشیان دادڕیوە و پێیانوایە بە هۆی ئەوەی 'ویر' لە کۆتایی وشەکەدا هەیە، ئیدی دەبێ وشەیەکی تورکی بێ!! ئەمە لەکاتێکدایە کە 'ویر' لە زمانی تورکیدا نە پاشگرە و نە واتای هەیە.

وشەی 'هێستر، ئێستر، ئەستر'ی پەهلەوی، ئێستا لە نێو زمانی کوردیدا بە هێستر ماوەتەوە، جاران لە فارسیشدا هەر بە 'ئێستێر' مابۆوە، بەڵام ئێستا بۆ 'قاطر' گۆڕیویانە. هێستر ناوی ئاژەڵێکە، بەرهەمی جووتبوونی ئەسپ و کەرە، بە لاشە(جەستە) لە ئەسپ بچووکتر و لە کەریش گەورەتر، زۆریش بەهێزە، بەڵام زاوزێ ناکات، واتە نەزۆکە. هەروەها لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا وشەی 'ستەروان، ستەرڤان'، هەبوون و واتای نەزۆکییان داوە. ئێستا ئەم وشەیە لەنێو زاراوەکانی کوردیدا وردە گۆڕین لە واتاکەی کراوە و بە شێوەی (ئەستەویر، ئەستێور، ستێور) جێوارە کە واتای نەئاوس دەدات. بە مێینەیەک دەگوترێ کە ئەو سااڵە دووگیان نەبێ.

گفتوگۆ

وشەی گفتوگۆ، وشەیەکی لێکدراوە و بە یارمەتی 'و' پێکهاتووە.

گفت هاوواتای بەڵێنە، دەگوترێ گفتت پێ دەدەم، واتە بەڵێنت پێ دەدەم. لەلایەکی دیکەوە لە داستانەکانی ئەڤێندارێدا بەرگوێمان دەکەوێ کە دەگوترێ ئەو دوو ئەڤێندارە هەر زوو گفتیان بە یەکتر دابوو، واتە بەڵێنیان بە یەکتر دابوو. لێرەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە بڕگەی یەکەمی گفتوگۆ کە 'گفت'ە، لەنێو زمانی کوردیدا جێوارە و ڕەگ و ڕیشەی دێرینی هەیە. هەرچی بڕگەی دووەمیشیەتی، واتە گۆ، لە چاوگی 'گۆتن'ەوە هاتووە. ڕاستییەکەی گۆتن=گوتن=کوتن=وتن، هەروەها لەسەر بالاّی ئەم 'گۆ'یەشدا وشەکانی ڕاستگۆ، بڵندگۆ، گۆوار، گۆڤار، گۆکردن و لە گۆکەوتن دروستکراون.

مخابن هەندێک دەڵێن کە وشەی گفتوگۆ ڕەگی زمانی کوردی تێدا نییە و دەبێ ڕەوانەی ماڵە دراوسێی فارس بکرێتەوە، لەوانە منیش لە تەمەنی هەرزەکاریمدا هەمان بۆچوونم هەبووبێ، بەڵام ئێستا ڕامانم گۆڕاوە. بۆ بەدواداچوونی بنەچەی ئەم وشەیە و ڕەتکردنەوەی ئەو ڕامانە، دەڵێم لە زمانی ساسانیدا وشەی گۆپتن هەبووە، کە ئێستا لە نێو زمانی فارسی بووە بە گوفتەن و لە زمانی کوردیش بووە بە گۆتن و گوتن و وتن. هەروەها گەپ واتای قسە دەدات، لە کوردیدا گاڵتە و گەپ جێوارە،

هەروەها گوپ (گووپ) واتای کولّمە دەدات و هەموو ئەو وشانەش لە گوپەوە سەرچاوەیان گرتووە.
هەندێک جار لەنێو کۆڕ و دیوەخانی بەسالّاچووانداا، گوێمان لەدەستەواژەی 'گفتولفت' دەبوو، یان گوێبیستی دەستەواژەی 'گفتار و ڕەفتار' دەبووین؛ هەلّبەت ڕۆژانە وشەکانی 'گۆتار، گوتار (وتار) و گوتاربێژ' بەکار دەهێنرێن. دیارە ناشتوانین بە بایەخەوە لە وشەی گۆرانی نەڕوانین، کە ئەویش لە (گۆ+رانی) پێکهاتووە، رانی یان ڕانی لە چاوگی 'ڕادان'ەوە سەرچاوەی گرتووە، کە واتای وەڕێخستن دەدات؛ کەواتە گفتوگۆ لە دوو وشەی دێرینی 'گفت+ گۆ' بە یارمەتی 'و' چێ کراوە[2]؛ ئیدی نازانم بە چ پێوەرێک دەگوترێ کە گفتوگۆ لەنێو زمانی کوردیدا بێڕەگە یان بێبنچینە ماوەتەوە؟

[2] - چێ کردن (چێکردن). چاوگی 'کردن'، و کارەکانی (کرد، دەکا، بکە) دەتوانرێ بە تەنیا بنووسرێن، بەلّام ئەگەر وشەی پێش خۆی دریژ نەبوو، ئاساییە ئەگەر پێکەوەش بنووسرێن؛ وەکوو: چێکردن (چێیکرد، چێدەکا، چێبکە)، لەتکردن (لەتیکرد، لەتیدەکا، لەتیبکە)

فاکەڵتی بێبنەچەیە

ماوەیەک لەمەوبەر سەرسوڕمانی خۆم بەرانبەر بە هێنانی وشەی فاکەڵتی پێشاندا، هەندێک بەڕێز لە هاوواتاکانی فاکەڵتیان پرسیوە، بۆیە دەبێ بە هێواشی بە دوایدا بڕۆین و بیدۆزینەوە:

لەزمانی ئینگلیزدا بە چەندین واتا دەکار دەکرێ. وەک:

Power،capability،capacity،facility،potential، propensity،potentiality، wherewithal، means، reason، wits، enses، preparednesss، intelligence.

هەروەها بە کۆلیژی زمانی ئینگلیزی دەگوترێ: The English faculty ، لە عەرەبی دەبێ بە (كلية اللغة الإنجليزية) و لە فارسی دەبێ بە (دانشکده انگلیسی)، هەروەها لە سوێدی دەبێ بە (Den engelska fakulteten) بەڵام چونکە تورک زمانێکی لەنگ و دەستکورتی هەیە و دەیەوێ خۆیان بە ئورووپی بناسێنن کردوویانە بە (İngilizce fakültesi).

ڕاستییەکەی وشەی فاکەڵتی، لەگەڵ وشەکانی کۆلیژ و کاڵج هاوواتایە کە پێشتر کورد لە زمانی ئینگلیزی وەریگرتوون، هەروەها لەگەڵ وشەکانی کوردی (هێز، بەهرە، توانا، شیان، هزر .....) دێتەوە، بەڵام ئێستا فاکەڵتی کە هەمان واتای هەیە و لە شوێنی کۆلیژ دانراوە، کەچی خۆیان لەو ڕاستیە دزیوەتەوە.

هەنـــووکە وشـــەکانی 'زانکـــۆ و زانستگەهـــ' لە جیـــاتی 'دانشـگاه'ی فارسـی و 'جامعـة'ی عەرەبـی و 'یونیڤێرسـتی' (university) ئینگلیـزی بە کـار دەهێنـرێن، دەی کەواتە زۆر ئاسـاییە ئەگەر حەز بە وشـەی کـۆلیژ نـاکەن بـا بە لێکدانی ڕەگی چـاوگی 'زانـین یـان فێربـوون و هینبـوون' لەگەڵ یەکێـک لەو پاشـگرانەی کە واتـای شـوێن دەدەن، وشەیەک چێ بکرێ و بە کار بهێندرێ.

بە هـۆی ئەو پاشـگرانەوە دەتـوانین نـاوی شـوێن دروسـت بکەیـــن {گە، خوێنـــدنگە، ســـەربازگە؛ خـــان، مەیخـــانە، سەرتاشـــخانە؛ کەدە، ئاتەشـــکەدە؛ لان، شـــێرلان، وار، شـوێنەوار، جێـوار؛ گەفـت، مزگەفـت؛ نـج، بـاڵنج؛ سـتان، گوڵسـتان؛ هنـد، ناوەنـد؛ زار، گـوڵزار؛ یـا، میـدیا، لاریـا، هەروەها 'تورکیا، سوریا' هەر بە پاشـگری 'یا'ی کوردیی دروسـت کـراون؛ یـاگە، کوردیـاگە؛ ینـگ، بێژینـگ؛ جـێ، بارجێ؛ مان، نیشتمان؛ دان، کلدان؛ دین[3]، کادین، ناندین}، هەروەهـا هەنـدێ نـاوی دیـکە بەپاشـگری جۆراوجـۆر دروسـت دەکـرێن، وەک: زان+کـۆ= زانکـۆ؛ بـا+کـۆ= بـاکـۆ؛ شـۆر+ینگ=شـۆرینگ؛ بەو هـۆیەوە لەو ڕێیـانەوە دەتـوانین ئەم وشانە دروست بکەین: (زانکۆک، زانستکە، زانستکەدە، زانـگە، زانینـگە، زانیـاگە، زانـلان، زانـوار، زانگەفت، زانەنـد،

[3] - وشـەی دیـن لە نێـو زمـانی کـوردی زۆر واتـای هەیە. دیـن= شـێت، دیـن= ئـایین، دیـن وەک پاشـگر بـۆ دروسـتکردنی شـوێن لە هەولێـر ڕەواجی هەیە. لەوانە: ناندین، ساردین، کادین.

زانکۆچە، فێرستان، فێرخانە، فێرەنج، فێرەند، فێرلان، فێرزار، فێریا، فێریاگە، فێرینگ، هینگە، هینینگە، هینخانە، هینوار، هینلان، هینیاگە، هینزار، هینستان، هینینگ، و .....)، ئیدی دەکرێ یەکێک لەو وشە خۆمالّیانە هەڵبژێرین و لە جیاتی کاکە **'فاکەڵتی'**ی ڕەزاگران بە کاری بهێنین، چونکە بێ ڕەگە و ناشتوانێ جێی خۆی بکاتەوە.

گریمان وشەی فاکەڵتی بنەچەی لەنێو زمانی کوردیدا هەیە و لە وشەی 'فاک' و پاشگری 'ەڵتی' پێکهاتووە، دەبێ بزانین کە فاک دوو واتای هەیە، هەم واتای فێڵ دەدا، هەمیش واتای هەوەس و ئارەزووی جووت بوون بەرجەستە دەکا. دەگوترێ هەزار 'فاک'م بە فیکێکت، یان دەگوترێ ئەو بەرازە بە 'فاکە'، بە 'فا' و بە 'با' هاتووە، واتە کاتی جووتبوونی هاتووە و مەیلی جووتبوونی هەیە. ئەو کاتە زۆر خراپتر دەشکێتەوە، وەک کورد گوتەنی: چاکی مەکە با خراپ نەبێ. دیسانەوە گریمان لە وشەی فاکەڵ و پاشگری تی پێکهاتووە؛ دیارە کە 'فاکەڵ'یش لە 'فا+کەڵ' دروستکراوە، بە مێیەی گامێش دەگوترێ 'فا' و بە نێرەی گامێش دەگوترێ 'کەڵ'، هەروەها کەڵ بە واتای مەردایەتیش دەکار کراوە، دەگوترێ: کەم بژی و کەڵ بژی. بەڵام فاکەڵ واتای گا و گامیشی خەسێندراو یان کەڵێکی حیز دەدا؛ کەواتە ئەو 'فاکەڵتی'یە ڕەوانەی شوێنی خۆی بکەنەوە.

٢٠٢١-١-٢٤

مام

لە زمانی کوردیدا وشەی مام بۆ بۆ برای باوک بەکاردەهێنرێ[4]، زۆر کەس وا دەزانن کە ئەم وشەیە لە عەم(عەم)ی عەرەبییەوە هاتووە. ڕاستییەکەی مڕۆڤ نازانێ ئەو بۆچوون و گریمانە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە! خۆ کاتێک بە پێچنەی میژوو بۆ دواوە دەگەڕێینەوە، ڕوون دەبێتەوە کە لە سەردەمی ئاشووریەکاندا، واتە لە ساڵی ٦٧٣ پێش زایین، میرێکی مید (ماد) ناوی (مامی تیارشۆ) بووە. هەروەها وشەی هامۆ لە پەهلەویدا بە واتای خزمی نزیک و ئامۆتیار بەواتای نۆکەر هەبووە. هەرچەندە لە زاراوەی کرمانجیدا وشەی ئاپۆ لەگەڵ وشەی مام هاوواتایە، بەڵام مام باشتر شوێنی خۆی گرتووە. ئەوەتا لە بادینی و کرمانجیشدا وشەکانی پسمام و دۆتمام هەن کە واتای ئامۆزای سۆرانی دەدەن. ڕاستییەکەی ئامۆزا

4 - ئەگەر وشەی 'کار' بە تەنیا نووسرا، لەگەڵ (عمل)ی عەرەبی هاوواتایە، ئەگەر 'بەکار' نووسرا، واتای چالاک و بەهێز دەدا، خۆ ئەگەر 'بەکارهێنان' پێکەوە نووسران، ئەوکاتە لەگەڵ (استعمال، استخدام) عەرەبی و (استفاده کردن)ی فارسی و (use)ی ئینگلیزی و (använda)ی سویدی هاوواتا دەبێ.

هەر وشەی مامۆزایە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەتا ئێستاش لە هەندێ زاراوە و بنزاراوەدا هەر وشەی مامۆزا بە برِشتە و کاری خۆی دەکات.
لەنێو ئەندامانی بنەماڵەی زمانی کوردیدا، بەتایبەتی لە پەشتۆیی و فارسی دەریدا وشەی کاکا= مام؛ لە تاتی و گێلەکیدا بە برای باوک دەڵێن ئامی و بە خوشکی باوک دەڵێن ماما.
زمانەکانی تاتی و گێلەکی نزیکایەتی یەکجار زۆریان لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە و هاوڕیشەن، لەوانەیە پێشتر وشەی ئام و ئامی وەک هاوواتای مام سوودیان لێ وەرگیرابێ و لەسەر ئەو ڕیشەیەشەوە ئامۆزا دروست کرابێ.

هۆپ! لە ستۆپ Stop نەهاتووە

زۆرجاران لێرەو لەوێ کەسانێک دێن و هەر لە خۆڕاوە بەرۆکی پەیڤێکی دێرین دەگرن و دەیانەوێ ئاوگەلەی بکەن. چەندین کەس بەگژ 'هۆپ'دا هاتوون و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە لە ستۆپی ئینگلیزیەوە وەرگیراوە!! دەبێژن: لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک ئینگلیزەکان هاتوونەتە کوردستان، تڕومبێل (ئۆتۆمۆبێل)یان هەبووە، ئەو دەمەی کە بەرپرسەکە نیازی هاتنەخوارەوەی هەبوایە، بە شۆفێرەکەی گوتووە ستۆپ ستۆپ، ئیدی کورد نەیتوانیوە بڵێ ستۆپ کردوویەتی بە هۆپ!!

ئەم بۆچوونە هێندە ناڕاست و پڕ لە کێماسییە کە لە قوتووی هیچ عەتارێکدا جێی نابێتەوە، چونکە گۆکردنی وشەی ستۆپ بۆ کورد لە ئاوخواردنەوە ئاسانترە. بۆ ڕەسەنایەتی ئەم وشەیە، وا دەخوازێ چاوێک بۆ وشەکانی هێواش، هێدی، هێت بگێڕین، کەهەموویان واتای لەسەرخۆ و ڕاوەستان دەدەن. لە کوردەواریدا دەستەواژەی 'هەر هۆپێکیم لەخۆم زانی' لە دەشتی هەولێر زۆر بەکاردەهێنرێ؛ بەتایبەتیش ئەگەر شتێک لەناکاو ڕووبدا، پێشبینی بۆ نەکرابێ و لە چاوەڕوانی بەدەربێ، یان لەهیکەوە کەسێک پەیدا بێ، سڵاوت بکات یان بپرسێ، کەسی بەرانبەر

قەرەمات دەبێ و هۆپێک دەکات. واتە بێویستی خۆی ڕادەوەستێ.
بێگومان باشترە کە بۆ بەدواداچوونی زیاتر، ئاورێک لە 'هۆ' بدەینەوە کە ئامرازی بانگکردن و هوشیارکردنەوەیە و بە بیر بهێنینەوە. جاران هۆ بۆ نێر واتە بۆ پیاو بەکاردەهات، بۆ ژن هێ بەکاردەهێنرا؛ ئێستا هۆ لە زۆر دەڤەر بۆ نێر و مێ بەکار دەهێنرێ. جاران ئەگەر لە دووڕەوە بانگی پیاوێکی نەناسراو بکرابوایە، و مەبەست ڕاوەستاندنی بوایە، دەگوترا هۆ پیاو ڕاوەستە! هەروەها ئەگەر بویسترایە کەرێک ڕابگیرێ، دەگوترا هۆش! واتە هۆش لە کەر و هۆپ لە پیاو دەکرا.
دیارە هۆپ و هۆش تەواوکەری یەکترن و بۆ ڕاگرتن و ڕاوەستاندن بەکاردەهێنرێن، بەڵام هۆپ بۆ مرۆڤ و هۆش بۆ کەر.
لەوانەیە هۆپ لە کورتکردنەوەی هۆپیاو، چێ کرابێ، بەڵام بەهەر شێوە و شێوازێک دروست کرابێ و ئافراندرابێ، هیچ پێوەندی بە ستۆپی ئینگلیزییەوە نییە. ڕاستییەکەی کۆمەڵی کوردەواری کشتوکاڵی و تەرشداری بووە، ئیدی پێویستان بە ڕاوەستاندنی مرۆڤ و ئاژەڵ هەبووە.

دایباب واتای دروست نابەخشێ

دەگـوترێ دکتـۆرێکی بەڕێـز وشـەی دایبـابی لەجیـاتی دایـک و بـاوک داهێنـاوە و ئەو وشـەیەش لە فێرگەکانـدا کـاری پێـدەکرێ؛ هەنـدێک دیـکە دەڵـێن ئەمە لە دەڤەری پشـدەر لەجیـاتی دایـک و بـاوک دەکـار دەکـرێ؛ هەنـدێکی دیـکە دەڵـین وشـەی دایبـاب زۆر سـەردەمیانە و ڕەتکـردنەوەی باوکسـالاریە، لەڕێـر ئەو بیانۆیـانەوە بانگەشـە بـۆ وشـەیەکی کاسـت و بێواتـا دەکـرێ. جێـی خۆیەتی بە ئارامی سۆراغی بکەین.

دایبـاب لە لێکـدانی 'دایک+بـاوک' هـاتووە؛ واتە دوو نـاو پـێکەوە بەبـێ یـارمەتی لێکـدراون!! هەڵـبەت زمـانی کـوردی بە ڕێسـا و یاسـای تـایبەت نـاوی لێکـدراو چـێ دەکا.

١/ ناو+ناو، میناک: سەرکار.

٢/ نـاو+ ئاوەڵنـاو، مینـاک: دەسـترەنگین، کـارجوان، سەرزل، سمێلفش. زماندرێژ. سەربەرز. سەربڵند.

٣/ ئاوەڵناو+نـاو، مینـا: سـپیرەنگ، جوانکار.ڕەشپێست.

٤/ ناو+ ڕەگی کار، مینا: داربڕ، دەستبڕ، سەرتاش.

٥/ ناو+ئامرازی یارمەتی+ ناو، وەکوو:

دار+و+بار= داروبار(بەیارمەتی و)

کار+و+بار= کاروبار(بەیارمەتی و).

دەست+ە+گوڵ= دەستەگوڵ(بەیارمەتی ە).
کانی+ی+سەر= کانییسەر (بەیارمەتی ی).

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەگەر وشەی لێکدراو لە دوو ناوی بەبێ یارمەتی دروست کرابن، خاوەندارێتی لەیەکتر دەکەن. با سەیری ئەم ناوە لێکدراوانە بکەین: "سەرنووسەر، سەگباب، دۆتمام، پسمام، دۆتمیر، چاوحیز، برۆقەیتان، سەرتۆبز).

ڕاستییەکەی ئەوان مەبەستیانە کە دایباب ڕاستەوخۆ واتای دایک و باوک پێکەوە بدات، بەڵام ئەگەر بە پێوەری زمانەوانی بێ، ئیدی دای(دایک) خاوەندارێتی لەباب(باوک) دەکات، یان دەبێ باب بۆ خاوەندارێتی دایک بگەڕێتەوە؛ ئەوکاتە وشەی دایباب ئەو واتایە ناگەیەنێ کە ئەوان مەبەستیانە، چونکە دایباب واتای دایکی باوک دەدا، نەک دایک و باوک.

لەلایەکی دیکەوە لە زۆر شوێنی کوردستاندا وشەی باوان بەکار دەهێنرێ کە وشەیەکی ڕەسەن و ڕاستە. هەندێک پێیانوایە کە باوان کۆی باوکە!! هەندێک پێیانوایە کە باوان واتای باوک و باپیر و باپیرە گەورە دەدا!! هەندێکی دیکە دەڵێن کە باوان واتای ماڵە باوک دەدا!

من ڕاشکاوانە دەنووسم کە باوان لە کۆ کردنەوەی باوکانەوە نەهاتووە و واتای کۆی باوک نادات. کاتێک دەگوترێ تۆ لەجێی باوانمی، واتای ئەوەیە کە

تـۆ لەجێـی ئەو کەسـانەی کە منیـان هێنـاوەتە ژیـانەوە. ئەگەر بـاوان بەواتـای باوکـان بێـت، ئەوکـاتە دەبـێ بگـوترێ کە مـرۆڤ لە باوکێـک زیـاتری هەیە!! ئایـا ئەمە دەبـێ؟ ئایـا کەسـێک پەسـند دەکـات کە دوو بـاوک یان زیاتری هەبێ؟

سـەیر لەوەدایە، هەنـدێک دەڵـێن: "چـونکە وشـەی بـاوان بە پیتـی 'ب' دەسـت پێـدەکات و ئەمەش لە یەکەمـین پیتـی بـاوکەوە وەرگیـراوە، بـۆیە باوکسـالارییە، لە زۆر زمانـدا هەر بە پیتـی یەکەمـی بـاوک دەسـت پـێ دەکـات، ئەمەش بەرێـکەوت نیـیە؛ ئەوەتـا لە فەرەنسـی دەگـوترێ 'گرانـد پارەنـت: بـاوانی گەورە، ' grands parent'. هەروەهـا لە زمـانی سـوێدیدا لە جیـاتی دایـک و بـاوک، دەگـوترێ فۆرێلـدرار föräldrar دیسانەوە یەکەمین پیتی فار واتە باوک وەرگیراوە."

ڕاسـتییەکەی ئەم بۆچوونـانە نەک هەر ڕاسـت نیـین، بەڵکـو بە هەڵتەکانـدنی زمـان لێـدەکەوێتەوە. ئەگەر مەبەسـت چاکسـازی کـردن لە وشـە و زمـان بـێ، دەکـرێ وشـەی دیـکە دابهێنـدرێ، بەڵام نـابێ ڕێسـاکانی زمـانەوانی تێکبـدرێن. بـۆ نمـوونە لە شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا زمانزانـانی سـوێدی هەوڵیانـدا کە چاکسـازی لەهەنـدێ وشـەی زمانەکەیـان بـکەن. ویسـتیان لە جیـاتی وشـەی نـیNi= ئێـوە بـۆ دوDu= تـۆ بگـۆڕن. دەگـوترا کاتێـک دەڵێیـت نـیNi واتە

بەرانبەر بە پیرۆز و گەورە پێشان دەدەیت، بۆیە باشترە بۆ هەموو کەس هەر بگوترێ دوDu. ئەوان نەهاتن کە وشەی فۆرێلدرار Föräldrar بۆ وشەیەکی دیکە بگۆڕن کە بە قسەی ئەوانەی خۆمان سەرچاوەی لە باوکسالارییەوە گرتووە. ڕاستییەکەی ئەوانیش وەکوو کورد بۆ ڕێزگرتن وشەی هاوواتای مام، خاڵ، مەت، بیبی و پوریان بۆ کەسانی لەخۆیان گەورەتر بەکاردەهێنا، لەو چاکسازییەدا ئەو ناوانە هەڵگیران و هەر بەناوی خۆیان بانگیان دەکەن. ئیدی چاکسازی ئەوە نییە کە بەبیانۆی ئەوەی کە وشەکان لەسەردەمی باوکسالارییەوە داهێنراون، ئێستا کە گۆڕانی گەورە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتووە، دەبێ وشەکان بۆ شێوازی دیکە بگۆڕدرێن کە واتای هاوتایی و وەکهەقی دەدەن.

لەلایەکی دیکەوە وشەی دێوباڤ یان دێوباب لە ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان هاوشێوەی (والدین)ی عەرەبییە، وشەیەکی لێکدراوە و بەیارمەتی 'و' لە دوو ناو پێکهاتووە، ڕێسای زمانی بەسەردا چەسپاوە، باشە ناکرێ لە جیاتی دایبابی داهێنراو هەر وشەی دێوباڤ یان دێوباب بەکاربهێنرێ؟ لە زمانی پەهلەویدا وشەی 'زاتێنتار، زاتێنیتار' لەگەڵ 'والیدین'ی عەرەبی هاوواتا بووە و نۆژەن کردنەوەی زیان ناگەیەنێ و سوودبەخشیشە.

ڕەدوو

بەڕێزێـــــک لە وشـــــەدانێکی ڕایەڵەی ئینتەرنێتـــــدا نووســـیبووی (وشـــەی ڕەدو یونـــانیە لە ئەســـلا لە ڕەدیۆ هـاتوە وشـەی وو لە یونانیـا بە ڤ دەردەبریـت ڕەدیۆ مانای ئەوەیە مۆعید بە گرییک[5])

مـــرۆڤ کە ئەو لێکـــدانەوە و بۆچوونـــانە دەبینـــێ، قەرەمـات دەبـێ، نـازانێ بـۆچی هەنـدێک لە تاکەکـانی کـورد بە ســووکی لە زمـــانی کـــوردی و نەتەوەکەی خۆیـــان دەڕوانـــن! باشـــە کـــوردیش وەکـــوو هەر نەتەوەیەکـی دیـکە، نیشـتمان، جۆـاک، پیشـە و کـاری خـۆی نەبـووە؟ ئایـا ئاژەڵـداری و کشـتوکاڵ لە کـوێ ســەریان هەڵـداوە؟ ئایـا ئەو نەتەوەیەی کە بـۆ یەکەمـین جار شارستانێتی داهێنا، باپیرە گەورەی کێ بوون؟

ئەگەر مـرۆڤ ئەو پرسـیارانە لەخـۆی بکـات، هەرگیـز هەڵەی وا زەق ناکـات و پـێ لەزادی پـاک نـانێ. ئـاخر وێـــڕای ئەوەی کە ئەم بۆچـــوونە هـــیچ بنەمـــایەکی زانســـتی نیـــیە و ناشـــتوانرێ وشـــەی ڕەدوو لەگەڵ ڕەدیۆـۆی یۆنـانی بەراورد بکـرێن، چـونکە لە لایەکەوە ڕەدوو لە چـوار پیـت پێکهـاتووە، کەچـی ڕەدیۆـۆ لە شـەش پیـت پێکهـاتووە. دواتـر کـورد زۆر بە ئاسـانی دەتـــوانی پیتـــی 'ڤ' گـــۆ بکـــات، بـــۆیە هەرگیـــز

[5] - ئەمە دەقی نووسینی ئەو بەڕێزەیە، خۆی لە ڕێنووس و هەڵەکانی بەرپرسیارە.

دەستبەرداری نابێ و نایقرتێنێ. هەروەها لێکچوونی وشە لەنێوان زمانەکاندا واتای وەرگرتن نادەن؛ دەیان وشەی هاودەنگ و هاوواتا لە نێو زمانەکاندا هەن و وێندە نەکراون. کەس نازانێ لە کەیەوە کورد وشەی ئۆخەی دەکارکردووە، کەسیش نازانێ لە کەیەوە ئینگلیز ئۆکەی هەیە؛ پرسیارێک لێرەدا خۆی کێل دەکاتەوە: ئایا ئۆخەی لە ئۆکەی وەرگیراوە یان ئۆکەی لە ئۆخەی وەرگیراوە؟ من پێموایە هیچیان لە هیچیان وەرنەگیراون. خۆ ئۆکەی و ئۆخەی لە ڕووی واتا و گۆکردنیشەوە زۆر لە یەکدی نزیکن، بەڵام ڕەدوو لەگەڵ ڕەدیۆ نە لە گۆکردن و نە لە واتادا لە یەکدییەوە نزیک نین.

ئەگەر لەنێو زمانەکاندا بگەڕێین، هەزاران وشەی هاودەنگ دەبینین، هەندێکیان هاوواتا و هەندێکی دیکەشیان نزیکایەتیان لەگەڵ یەکدیدا نییە. بۆ نموونە: وشەی 'سۆر' لە کوردی هەیە و لەگەڵ سوور هاوواتایە، هەروەها وشەی سۆر لە زمانی هونگاری(Hungary) [زمانی خەڵکی هەنگاریا]هەیە، کەچی واتای پۆل دەدا، بەپێتی لاتینی وەکوو یەک دەنووسرێن، بەڵام واتاکانیان جیاوازە. وشەی دار ئەگەر بە پیتی لاتینی Dar بنووسین دەبینین لە زمانی ڕۆمانیدا واتای **بەڵام** دەدات، کەچی لە کوردیدا، دار لەگەڵ درەخت هاوواتایە. ئیدی بەو

هـــۆیەوە دەبـــێ بگـــوترێ هـــاودەنگی نە پێـــوەرە و نە ئاکامێکیش بە دەست دەدا.

ئێســتا بــا بێینــەوە ســەر وشــەی **'ڕەدوو'**. دیــارە ڕەدوو واتـــای هەڵگـــرتن دەدا. کاتێـــک کورێـــک، کچێـــک هەڵـــدەگرێ، دەگـــوترێ ڕەدوو کەوت؛ یـــان دەگـــوترێ ڕەدووی خســـــت، لە چـــــاوگی 'ڕەدووکەوتـــــن' و 'بەدووکەوتـــن'ەوە چـــێ کـــراوە. لە هەنـــدێک دەڤەری کوردســـتاندا دەگـــوترێ بەدووکەوتـــن. کەســـێک ئەگەر لەگەڵ کەســـێکی ســـەرهەڵبگرێ و بـــڕوا، لە هەولێـــر پێـــی دەگـــوترێ 'بەدووکەتـــی'، لە هەنـــدێک دەڤەری دیکەشـــدا دەگوتری 'بەدووکەوتوو'، یان 'ڕەدووکەوتوو'.

'ڕە' بۆخـــۆی پێشـــگرە، بەڵام ڕا پاشـــگرە. ئەوەتـــا دەگـــوترێ ڕەگەڵ، واتە لەگەڵ؛ دەگـــوترێ ڕەدوای منـــدا وەرە، واتە لە دوای مـــنەوە وەرە؛ وشـــەی 'ڕەپـــێش' هەیە، دەگـوترێ: خـۆی ڕەپـێش کـرد، واتە خـۆی بـردە پێشـــەوە، خـــۆی بە پـــێش دا؛ ڕەپـــاڵ، واتە خســـتنەپاڵ؛ دەگـــوترێ قســـەی ڕەپـــاڵ دەدەن، واتە قســـەی بـــۆ هەڵدەبەســـتن و قســـەی دەخەنە پـــاڵ. ڕەپانـــدن، واتە کوتـــان بـــۆ پـــانکردنەوە و شـــل کـــردنەوەی شـــتێک؛ دەگـــوترێ: کـــچەکە بە هێواشـــی خـــورییەکەی ڕەپانـــد، واتە خـــــورییەکەی کوتـــــا؛ ڕەســـــاندن واتە پێـــــوە نووســـــاندن. ئێســـــتا دەبینـــــین کە 'ڕە' پێشـــــگرە و لە شـــــێوەی 'لە' ، 'بە' و 'پـــــێ' خـــــۆی دەنـــــوێنێ.

ڕاستییەکەی لە ناوچەی موکریاندا وشەی ڕەدوو بەکاردەهێندرێ، هەروەها ئەگەر سەیری نووسینی مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار موکریانی بکەین، دەبینین کە زۆر جاران وشەی 'ڕەگەڵ'یان بەکار هێناوە، کەچی لە هەندێ شوێنی دیکەدا دەگوترێ لەگەڵ یان دەگەڵ.

مامۆستا

جاران بەو مەلایانەی کە خەڵکیان فێری خوێندەواری دەکرد، دەگوترا مامۆستا. ئەم وشەیەش سەرەتا لەناو حوجرەکاندا پەیدابووە. زۆر کەس پێیوایە کە جەنابی تۆفیق وەهبی ئەم وشەیەی لە 'مام+وەستا' چێ کردووە!! بەڵام ڕاستییەکەی سەدان ساڵ پێش لەدایکبوونی ئەو بەڕێزە، وشەی مامۆستا بەو پێشەوا ئایینیانە گوتراوە کە حوجرە و فەقێیان هەبووە. بۆ خۆشەویستم فەرید مەخموورى نووسیبووی کە لە 'کتێبی فەرهەنگی زاراوەی کوردستان'دا، ئەمە بە داهێنانی مامۆستا تۆفیق وەهبییەوە تۆمارکراوە. من پێموایە هەڵەیەکی میژوویی کردووە، چونکە لەوەتەی حوجرەی فەقێیاتی کراوەتەوە، بە مەلای وانەبێژی گوتراوە مامۆستا. وەک دەزانین کە مامۆستا بەو کەسانە دەگوترێ کە خەڵک فێری خوێندن، نووسین، زانست و زانیاری جۆراوجۆر دەکەن.

لە ناو پەڕتووکخانەکەی حوجرەی بابم، دەستنووسێکی دێرین هەبوو، تەمەنی ئەو دەستنووسە شەش سەت ساڵ دەبوو. ژنێکی کوردی دانیشتووی موسڵ کە گوایە لە خزمانی خۆمان بووە، لە دەستپێکدا نووسیبووی داوای

بووردن دەکەم ئەگەر کێماسی تێدا هەبێ، چونکە لەم کاتەدا دوو جمک شیر دەدەم و بەخێویان دەکەم، بەڵام زۆر سپاسی فڵانە کەس دەکەم کە ماهووستا و باوکی منداڵەکانمە. ئەو کات لەباوکمان پرسی: ماهووستا چییە؟ گوتی: یان بە هەڵە نووسراوە یان ئەوکات گوتراوە ماهووستا یان ماهۆستا.

جێی ئاماژە پێکردنە کە لە زمانی هندیدا وشەی 'ما' واتای دایک دەدا، بەڵام وشەی ماهۆتا بە دایانێک دەگوترێ کە منداڵ پەروەردە دەکات و فێری وانەکانی ژیانی دەکات. هەروەها لە زمانی پەهلەوی ساسانیشدا 'مات' واتای دایکی داوە. گومان لەوەدا نییە کە زمانی کوردی و فارسی و هندی لەزۆر بواری دارشتنی وشەوە لەیەکترییەوە نزیکن.

لەو دواییانەدا بازاڕی ئەوە گەرم بوو کە مامۆستا وشەیەکی لێکدراوەو لە 'مام+وەستا' پێکهاتووە و جەنابی تۆفیق وەهبی ئەم وشەیەی داهێناوە، من لەوە دڵنیابووم کە پێش لەدایکبوونی ئەو بەڕێزە، وشەی مامۆستا بەو مەلایانە دەگوترا کە حوجرەیان هەبوو، وانەیان بە فەقێیان دەگوتەوە، بۆیە ناچار بووم، وەک دەستپێک لە تۆڕێ کۆمەڵایەتیدا ئەمە بنووسم:

وشەی 'مامۆستا' پێش لەدایکبوونی تۆفیق وەهبی هەبووە.

مەولەوی تاوەگۆزی یان سەید عەبدولڕەحیمی کوڕی سەعید تاوەگۆزی لە ساڵی ١٨٠٦ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٨٢ی زایینی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام تۆفیق وەهبی ساڵی ١٨٩١ز لەدایک بووە و ساڵی ١٩٨٤ز کۆچی دوایی کردووە، واتە پێش لەدایکبوونی تۆفیق وەهبی مەولەوی کۆچی دوایی کردووە. فەرموون مەولەوی هۆنراوەیەکی هەیە بە ناوی (مامۆسای سەرئێل). ئێستا دەرکەوت کە تۆفیق وەهبی داهێنەری وشەی مامۆستا نەبووە و لە وشەی (مام+ وەستا) چینەکراوە؟

مامۆسای سەرئێل

مامۆسای سەرئێل شیرین کەلامان
تەشریفی خەیرت باوەر بەلامان
نەشنۆی بەدکار، نە بۆی بەدوازەن
وەحشیان هەمڕاز، تەیران دەم سازەن.

لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بەناوی
مامۆستای شیرین، دەڵێ:
مامۆستای شیرین شۆخی دیدە مەست
جە مەکتەبخانەی مەدرەسەی ئەلست(ألست)
دیدەش مەکتەبی قەدەر سزا دا
نیمنیگاش تالیم تفڵی قەزا دا

پارس و پارسوا

بێگومان ناوی زۆربەی نەتەوە و تیرەکان لەلایەن دیترانەوە لێنراون. وشەی پارس، بنەی لە زمانی میدی(ئاڤێستایی)دا دەدۆزرێتەوە. واتای تەنیشت و کەلەکە دەدات. وشەکە پەرێسو(پەریاسو) بووە و ئێستا ئەم وشەیە بە 'پەراسو' لەنێو زمانی کوردیدا جێوارە. وشەکە لەسەر ڕەگی 'پەر' چێ کراوە.

نیشتمانی میدییەکان، لە باشوورەوە لە سەر لێواری کەنداوی میدی (ئێستا عەرەب بە کەنداوی عەرەبی و فارسیش بە کەنداوی فارسی ناوی دەبەن) دەستی پێدەکرد، لە ڕۆژئاواش هەموو میزۆپۆتامیای دەگرتەوە و لەگەڵ یۆنان هاوسنوور بوو، هەروەها تا ئەرمینیا درێژ دەبۆوە، لە باکووریشەوە کێوەکانی قەفقاسیای دەگرتەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە کێوەکانی پامیرەوە دەستی پێدەکرد، واتە هەموو خۆراسان و ڕۆژهەڵاتی دەریای کاسپین (خەزەر)یشی دەگرتەوە.

وشەی مید یان مێد وشەیەکی لاتینییە و بە میدیۆم (medium) گۆ دەکرێ، لە ئینگلیزی بووە بە میدڵ (middle)، لە زمانی سوێدی بووە بە میتن(mitten)، لە ئیسپانی بووە بە مێدیا(Media)، لە زمانی لۆکسمبۆرگی بووە بە مێت (Mëtt). ڕاستییەکەی میدیا نیشتمانی نێوان هیندستان و یۆنانی دێرین بوو. کەواتە مید یان مێد

به واتای ناوەڕاست دەکارکراوە. هەڵبەت 'یا' وەک 'ستان' پاشگرێکی دێرینە و واتای نیشتمان دەدات. میدیا، واتە نیشتمانی ناوەڕاست، یان نیشتمانی میدیەکان. هەرچەندە وشەی 'مید' لەنێو زمانی ئاڤێستاییدا بە واتای بەخشندە هەبووە، لەوانەیە ناونانەکەی بە میدیا هەر واتای وڵاتی بەخشندان بووبێ.

دەگوترێ خێڵێکی پەنجابی هیندستان لە ٨٠٠ پ.ز بەرەو نیشتمانی میدیەکان هاتن، ئەوانیش لە کەناری دەریای باشوور لە هەرێمی پارسوا نیشتەجێیان کردن. پارسوا واتە پەراسووی نیشتمانی مید، خەڵکی هەرێمەکەش بە پارسوایی ناسران.

دکتۆر حەمید تاهیری دەڵێ[6]: "هێرتسفێلد[7] لەو باوەڕە دایە کە هۆزی پارسوایی لە نێوان ساڵانی ٦٩٧-٦٦٠ پ.ز لە مادستانەوە (میدیا) بەرەو باشوور ڕۆیشتووە، دواتر ناوی پارسی بە سەر ناحیەی ئانشان (ئانزان)دا بڕدراوە. هەروەها دیاکۆنۆف وشەی پەرتەو (پەرثۆ) بەواتای کەنار و لێوار دەریا لێکداوەتەوە، چونکە وشەکانی پارس و پارت دوو وشەی میدین و واتای ڕۆخ و کەنار دەدەن.

---

[6] - دکتر حمید طاهری، پژوهشی در پیوند تاتی و کردی، https://elmnet.ir

[7] - ئێرنست ئێمیل هێرتسفێلد (1879 – 1948)، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی کە بایەخی زۆری بە شوێنەوارەکانی عێراق، ئێران و شام داوە.

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە وشەکانی پارس، پشتۆ، پەهلۆ پێشینەی دێرینیان هەیە. زۆرێک لە زمانزانەکانی ئێران وشەی پەهلویان بە دەفەی سینگ، زگ و سینگ، باوەش لێکداوەتەوە، ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە ڕاست بێ، دەتوانین وشەکانی پارس و پشتۆ ساغ بکەینەوە.

پەهلو بە واتای زگ و سنگ؛ پارس و پارسوا بە واتای پەراسوو؛ هەروەها پشتۆ، بە واتای پشت وێناکراوە.

ڕاستییەکەی ئێستا وشەکانی پاڵە، پەهلە و پاهلە لە نێو زمانی کوردیدا واتای جیاوازیان هەیە. پاڵە بە واتای ڕەنجدەر یان کرێکار دەدات، بەڵام پەهلە واتای بەر(زگ و سنگ) دەدات. ئەوەتا لە قەولی دایک و بابانی ئێزدیدا، سەبارەت بە دایک و باوکان دەگوترێ:

یێ دلێ وان دهشته
دلێ تەریقەتێ دهشته
ل ئاخرەتێ نە پاهلە و نە پشتە

پارسا و پارسەک

فردۆسی گوتویەتی:

دو پاکیزه از گوهر پادشا

دو مرد گرانمایه و پارسا.

هەرچی مەلای جەزیرییە گوتویەتی:

ب مەهتەرا وی بارییە

بۆ چاک و پارسا ب جارەکێ.

پارسا بە واتای باوەڕدار، پاکداوێن، لەخواترس دێ، هەرچی 'پارسەک'یشە واتای گەدا، خازخازۆک، دەرۆزەکەر دەدات. مخابن هەندێک لە نووسەرانی ئێستا ئەم دوو پەیڤە تێکەڵاو دەکەن و بە باشی نایانناسن.

ڕاستییەکەی پارسە و پارسەکردن بە واتای کردەی دەرۆزەکردن و سوڵکردن دێن، بەڵام پارسەک بە واتای ئەو کەسە دێ کە دەرۆزە دەکات. هەڵبەت لە دێرینەدا 'ک' ڕۆڵی گرنگی لە دروست کردنی کارا (فاعل)دا هەبووە، بەڵام ئێستا بە دەگمەن پەیڤێک ماوەتەوە کە بەهۆی پیتی 'ک'ەوە کارا بەرجەستە بکات.

هەڵبەت زۆر جاری دیکەش جەختمان کردۆتەوە کە زمانی فارسی و کوردی بەشێری مەمکی دایکە پەهلەوی فرچک دراون، بۆیە هەموو وشە

دێرینەکانیان هاوبەشن، بەڵام دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی و هاتنی عەرەب بۆ نیشتمانەکەمان، ئیدی گەشەکردنیان شێوازی جیاوازی وەرگرت. کورد پێداگری لەسەر وشە دێرینەکانی خۆی دەکرد، بەڵام فارس بە هۆی ئەوەی زمانی خۆی لە زمانی میدی و دواتر لە پەهلەوی تژی کردبوو، ئیدی هێندە بایەخی بە وشە دێرینەکان نەدا، زۆر ئارەزوومەندانە باوەشی بۆ وشەگەلی عەرەبی گرتەوە. بۆیە جیاوازی لەنێوان ئەو وشانەدا هەن کە لەدوای داگیرکارییەوە داهێنراون یان وەرگیراون.

بەڵێ ئەم وشەیەش کوردییە!

بەڕێزێک سەبارەت بە وشەی 'گەواد' پرسییووی، لە وەڵامدا، بۆم نووسییوو کە کوردییە، بەڵام دیارە سوکنایی دڵی نەهاتبوو، گومانەکەی نەڕەویبۆوە، بۆیە لێرەدا بە درێژتر بۆی دەنووسم.

- لەهەموو فەرهەنگەکانی کوردیدا وشەکە تۆمار کراوە.
- لە هەموو زاراوە و بنزاراوەکاندا یەک واتای هەیە و بە کەسێک دەگوترێ کە سێکسفرۆشی بە نزیکانی خۆیەوە دەکات.
- هەرچەندە بە گۆکردنی جیاوازەوە لە زمانی تورکی و عەرەبیدا هەیە. تەنیا عەرەبی عێراق بە گەواد دەریدەبڕن و ئەمەش لە کورد وەریانگرتووە، دەنا بۆ خۆیان وشەی 'دیوث'یان هەیە. هەروەها لەتورکی قەواد بە کەسێک دەگوترێ کە سەت ئەسپی هاروهاجی هەبێ. بەڵام پێزیڤەنک یان پەزەڤەنک لەگەڵ وشەی گەواد هاوواتایە.
- هەرچەندە 'گە' پاشگرە، بەڵام یاسای ئاوارتەی هەیە، دەتوانێ وەک پێشگر ڕۆڵی خۆی ببینێ. واتە جێگۆڕکێ دەکات، ئەو جێگۆڕکێیە لە زاراوەکانی کوردیدا هەیە. لە

زاراوەی سۆرانی دەگوترێ ماستاو، بەڵام لە بادینیدا دەگوترێ ئاڤا ماستی. واتە پاش و پێشی وشەکان کراون.

- گە+مار= گەمار، واتە پیس.
- گە+میزیشن= گەمیزیشن= گەمیز، واتە تەوالیت، ئەو شوێنەی میزی تێدا دەکرێ.
- گە+مااڵ= گەماڵ، ناوە بۆ سەگی نێر، سەگیش بە چاوی سووک لێی دەڕوانرێ.
- گە+واد= گەواد، کەسێک کە سێکسفرۆشی بە نزیکانی خۆی یان دیترانەوە دەکات.

'واد' وشەیەکی پەهلەوی دێرینە و واتای با دەدات، وات یان باد واتە بای ئاسایی، بەڵام واد واتە بای گەنیو، هەروەها بە دەنگی دیواری ڕووخاویش گوتراوە واد کە گەرد و تۆزی لێ هەڵبستێ. مرۆڤێک کە سێکسفرۆشی بە دیترانەوە دەکات، لەلای خەڵک بە گەنیو، بێزراو، قێزەوەن باسی لێوە دەکرێ، کورد گوتەنی تۆزی لێ هەڵدەستێ. ئیدی گەواد پڕ بە پێستی دێتەوە.

- گە+مۆر= گەمۆر، کە وتای ڕووگرژ دەدا.
- گە+وشت= گەوشت(گەوش)، واتە ترسنۆک.
- گە+زیت= گەزیت، واتە سەرانە لێسەندن.
- گە+ مەژە= گەمەژە (مەژە کورتکراوەی 'مەژەک'ە، کە واتای میێشک دەدا و لە زاراوەی

بـــــادینی دەگـــــوترێ مەژی، لە پەهـــــلەوی ساســـانیدا وشـــەکە مەژگ بـــووە، بەڵام گەمـــژە بە کەسی بێمێشک و نادان دەگوترێ.

- گە+وەج= گەوەج= گەوج یـــان گەوجە (واتـــای بێ مێشک یان بێئاوەز دەدا).
- گە+چـڵ= گەچـڵ (بەواتـای سـیس و ژاکـاو یـان پۆسیدە و گەنیو دێ).
- گە+بەر= گەبەر (واتـــــــای بەرەڵـــــــلا و سەرسەری دەدا).
- گە+زار= گەزار (واتـــای زمـــان درێـــژ و دەم هەراش دەدا).

گەواد و ئەو وشـــــانەی بە نمـــــوونە هێنـــــرانەوە، هەموویـان بەیەک ڕێسـا دروسـت کـراون. واتە کاتێـک 'گە' خـۆی بەپـێش نـاوێکەوە دەلکێنـێ، ئیـدی وشـەیەکی نـوێ دروسـت دەکـات، بەڵام ئەو وشـانە ڕەزاقـورس دەبن.

نوستن

هەنـــدێک لەو کـــوردانەی خۆمـــان زۆر ســـەیر بیـــردەکەنەوە و زۆر باوەڕیـــان بەخۆیـــان هەیە و باکیـان بەوە نیـیە کە بەرپەرچ دەدرێـنەوە یـان نـا، دەنـا چـۆن بـوێری ئەوە دەکەن کە بڵـێن: وشـەی نوسـتن لە نەوم (نوم)ی عەرەبییەوە هاتووە.

ئەوەی بـۆ بـنەچەی وشـەکان نـاگەڕێتەوە و لە خـۆڕاوە شـولک لە تەرکـی وشـەیەکی ڕەسـەن دەدا و سـنگ دەردەپەڕێنـێ و نـاز دەفرۆشـێ، سـەرەنجام ناکـام دەمێنێتەوە و پەنجەی پەشیمانی دەگەزێ.

بـۆ سـاغ کـردنەوەی وشـەی نوسـتن دەبـێ بـۆ ئاڤێسـتا و پەهـلەوی بگەڕێیـنەوە، ئەگەر بنـی وشـەکەمان بـۆ نەدۆزرایەوە، ئەوکـاتە ئەگەر گومانیشـی لـێ بکەیـن، هێنـدە سـەخت نیـیە، بەڵام کە لە نێـو ئاڤێسـتا و پەهلەویـدا سـۆراغی نوسـتن دەکەیـن، زۆر بە ئاسـانی وشـەی 'نیباسـتەن' خـۆی قـوت دەکـاتەوە کە واتـای نوانـدن و خەواندن دەدا. هەروەهـا کـرداری 'نیبـای' بە واتـای 'دەنـوێ' وەک ڕەگـی کـاری ڕانەبـردوو خـۆی پێشـان دەدا. وەک دەگـوترێ لە ئاڤێسـتای دێرینـدا 'نـی-پـایغ-یـا' وەک پاشـماوە و ڕەگـی کـاری ڕانەبـردوو مـاوەتەوە. دیـارە ڕەگـی کـاری ڕانەبـردوو کاتێـک خۆیـا دەبـێ کە لە چـاوگەکەوە کـاری داخـوازی چـێ بکـرێ؛ بـۆیە ئەگەر چـاوگی نوسـتن وەربگـرین و کـاری

داخـوازی دروسـت بکەیـن، دەبـێ بە 'بنـو'، هەروەهـا ئەگەر پیتـی 'ب' لە کـاری داخـوازی لابـدەین، تەنیـا ڕەگـی ڕانەبـردوو دەمێنێـتەوە، ئەوکـاتە 'نـو' وەک ڕەگـی کـاری ڕانەبـردوو سـاغ دەبێـتەوە. ئێسـتا دەتوانین دۆخەکانی کار ساز بکەین:

دەنوم، دەنوی؟ دەنوێ؛ دەنوین، دەنون.

نوستم، نوستی؟، نوست؛ نوستین، نوستن.

بنو، بنون.

ئـایە ئەم سـۆراغکردنە، ئەو بۆچـوونە چەوتـانە ناپلیشـێنێتەوە کە دەگـوترێ: نوسـتن لە 'نەوم'ی عەرەبییەوە هاتووە؟

پەنجە و ئەنگوست

کەسانێک هەن، گاڵتە بە وشەی ئەنگوست دەکەن، چونکە پێیانوایە کە ئەنگوست هەڵەیە و پەنجە دروستە!! ئەمە لە کاتێکدایە کە پەنجە کۆی هەر پێنج ئەنگوستەکەیە؛ بۆیە ئەگەر بگوترێ هەر پێنج پەنجەکە، لە واتای ڕاستینی خۆی دوور دەکەوێتەوە و دەربڕینێکی ناڕاست و هەڵە پێشان دەدرێ. وشەی 'بەنجەک، پەنجەک' لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا بۆ هێڵی گەوەکانی ئەنگوست بەکار هاتووە، هەروەها پەنج لە زمانی فارسیدا بەکاردەهێنرێ و لەگەڵ 'پێنج'ی کوردی هاوواتایە، بەڵام ئەنگوست ڕەگی لە زمانی دێرینەدا هەیە، لە زمانی ئاڤێستاییدا ئەنگوست، لە پەهلەوی ئەنگوست و لە کوردییشدا هەر ئەنگوست؛ ئێستا لە نێو زمانی فارسیدا بووە بە ئەنگوشت. هەر بۆیە کورد وشەی ئەنگوستیلە و فارسیش ئەنگوشتەر(انگشتر)یان لێ دروست کردوون. لە هەندێ شوێندا وشەی مستیلە بەکاردێ، ئەمەشیان هەڵەیەکی ئاشکرایە، چونکە ئەنگوستیلە لە ئەنگوست و مستیلە لە مست دەکرێ. واتای مستیلە زیاتر لە بازنەوە نزیکترە، بەڵام لە باسک و دەست ناکرێ. هەرچەندە لە بنزاراوەی موکریاندا وشەی قامک لە جیاتی ئەنگوست جێوارە، بەڵام وشەی ئەنگوستیلە نەگۆڕاوە، هەروەها لە

زاراوەی کرمانجی و بادینیشدا تلی، تل و تبل هەن، بەڵام تلیله و تبلیلەیان لێ دروست نەکردوون، بەڵکو هەر ئەنگوستیله خۆی بۆ گوستیلک کورت کردۆتەوە.

وشەی هێمن ڕەگی دێرینەی هەیە

هەندێک پێیانوایە کە وشەی 'هێمن' لە ئامین (آمین)ی عەرەبییەوە هاتووە!! ئەمە لە کاتێکدایە کە ئامین خۆی وشەیەکی دێرینی سۆمەری بووە، سریان و عیبریەکانیش بەر لە عەرەب ئەم وشەیەیان هەبووە.

لە فەرهەنگی عەرەبیدا نووسراوە: (آمِین : کلمة أصلها اسم الفعل (آمِینَ) وجذعها (آمین))، بەڵام ئاماژە بەوە نەکراوە کە وەرگیراوە. لە لایەکی دیکەوە هەر سەبارەت بە وشەی ئامین نووسراوە (آمین هي کلمة سامیة قدیمة وتعني اللهم استجب دعائي وقد تناقلها اصحاب الأدیان الإبراهیمیة حتی یومنا هذا.) واتە پێش عەرەب لە دینی یەهودی و کریستیانیش بە کار هاتووە. ئێستا کە بنەچەی وشەکە ئاشکرا کراوە و ڕوون بۆتەوە کە عەرەبی نییە؛ بەڵام گریمان ئەم وشەیە خۆی لەبنەڕەتدا هی عەرەب بووە!! و لەسەر لاشەکەیدا وشەی 'هێمن'ی کوردی چێ کراوە!! کە واتای ئارام لەسەرخۆ دەدات، بەڵام وشەی ئەمین(امین) واتای دەستپاک دەدا، هەروەها وشەی ئامن (آمن) بەواتای ئەوە لێکدراوەتەوە کە شەڕفرۆش نییە، دەست ناوەشێنێ و زیان ناگەیەنێ. شاراوە نییە کە وشەی 'ئەمین'ی عەرەبی ئاوگەلەی نێو زمانی کوردی بووە، یان ڕفێندراوە و بۆ ناوی نێر پەسند کراوە؛ ئەوەتا سەدان و هەزاران مرۆڤی

کوردی ناو ئەمین هەن؛ جارێکی دیکەش گریمان کە هەر لەبەر جوانی ئەو وشەیەوە، کچانی کورد بە ناوی 'ئامینە' و 'ئامنە' ناونراون؛ بەڵام وشەی 'هەمین'یش وەک ناوی مێ لە نێو کوردەواریدا جێوارە، ئایا ئەمشیان هەر لە ئەمین وەرگیراوە؟

ئێستا دێینەوە سەر وشەی هێمن کە هاوواتای 'ئارام' و 'لەسەرخۆ'یە؛ ئەویش نزیکایەتی یەکجار زۆری لەگەڵ هێدی و هێواشدا هەیە. ئەوەی هێمن بێ، هەرگیز کاری بە پەلە و بە هەڵەداوان ناکات، مرۆڤی هێمن بە هێواشی هەنگاو هەڵدەگرێتەوە و لە کارەکانیدا لەزێ ناکات. ڕاستییەکەی هێمن لەگەڵ وشەی (هادئ)ی عەرەبی هاوواتایە، نەک ئامین و ئەمین.

لە زمانی پەهلەوی ساسانیدا، وشەی 'هامن' و 'هامۆن' هەبوون، کە ئێستا وشەی 'هامون' وەک ناوی دەشت لە نێو زمانی کوردیدا جێوارە، هەروەها پارکێک لەشاری کۆیە بەناوی هامون هەیە. ئەگەر بەنێو وشەدانی فارسیدا بگەڕێین، وشەی هامون دەبینینەوە کە بە واتای دەشتی بێدەنگ تۆمار کراوە. هەندێک جاریش بە هێمای بێدەنگی بۆ بیابانی بێ دار و درەخت سوودی لێ وەردەگرن؛ بێجگە لەوەش، لە هەرێمی سیستانی وڵاتی ئێراندا دەریاچەیەک بەناوی

هامون و لە پارێزگای خۆراسانیشدا گوندێک بەناوی هامون هەیە.
لە زمانی ئاقێستایی دێرینداا، ناوی مانگێک بە 'وەهمن' یا 'ڤەهمەن' ناونرابوو. وشەی 'ڤەهمن' واتای باش و پاکی داوە. هەروەها وشەی 'هامیتەن' بە واتای ڕێک، باڵای قیت، تەنی بێدەنگ هەبووە. هەروەها وشەی 'ئەهریمەن' بەواتای شەیتان و زۆردار هەبووە و پێچەوانەی ئەهۆرامەزدا و هوهومە بووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە 'ئە' پێشگرە و لە جیاتی 'بێ' و 'نە' بەکار هاتووە. ئەوەتا: (ئەبۆغ= بێ بۆن؛ ئەڕەنج= بێ ڕەنج؛ ئەبن= بێ بن؛ ئەچار= بێ چارە؛ ئەدەرت= بێ دەرد؛ ئەدین= بێ دین). خۆ ئەگەر ئەو ڕێسایە لەسەر وشەی ئەهریمەن جێبەجێ بکەین و 'ئە' لابەبەین، وشەی هریمەن دەمێنێتەوە کە پێچەوانەکەی شەڕخواز بەرجەستە دەکات و دەبێ بە لاشەڕ، دووڕە شەڕ و شەڕنەویست.
بێگومان دەبێ ڕێسای داچەکین و قوچانەوەی پیت لە زمانی کوردیدا لە بیر نەکەین، بەتایبەتیش پیتی 'ا' خۆی دەچەمێنێتەوە و دەبێ بە 'ێ'. بۆنموونە: (ئەوان دەبێ بە 'ئەوێن'، وەلات دەبێ بە 'وەلێت'، هاسان دەبێ 'هێسان'، تاشت دەبێ بە 'تێشت و چێشت'). لەوانەیە هامن کە واتای کڕی و بێدەنگی دەدا بە هۆی داچەکینی پیتی 'ا' بۆ 'ێ'، بووبێ بە

هـێمن. هەروەهـا داچەمـین لە زمـانی فارسیشـدا هەیە، بـۆ نمـوونە: ئاسـمان دەبـێ بە ئاسـمون؛ ئاسـان دەبـێ بە ئاسـون؛ ئێسـتا مـافی خۆمـانە بپرسـین: باشـە بـۆ نـاگوترێ وشـەی 'هـێمن' ڕەگ و ڕیشـەی دێرینـی هەیە و لە زمـانی دێرینـی خۆمانـدا دەدۆزرێـتەوە؟ ئەدی بـۆچی بەنێـو وشـەدانی عەرەبیـدا دەگەڕێـن و سەراوبنی دەکەن؟

سەد یان سەت؟

ئێستا لە نێو زمانی کوردیدا ژمارە (١٠٠) هەیە، بە سەت و سەد گۆ دەکرێ، هەرچەندە هەردووکیان جێی خۆیان گرتووە، بەڵام ئایا دەکرێ بەگوێرەی بنەچەزانی یەکیان سەرڕاست بکرێتەوە؟ بۆ بەدواداچوونی ئەم ژمارەیە، سەرەتا لەنێو زمانە دێرینەکانی دیکەدا بەدوایدا دەگەڕێین. با بزانین لە زمانی دێرینی کوردیدا چۆن بووە؟

لەنێو زمانی ئاڤێستاییدا کە دایکی دێرینی زمانی کوردییە، بە 'سەتا' تۆمار کراوە. هەروەها زمانی پەهلەوی ساسانی کە دواین دایکی هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و فارسییە، بە 'سەت' جێوار بووە.

ئەگەر چاوێک بە زمانە هەڤاڵ و هاوڕیشەکانی دیکە بخشێنین، بەم شێوەیە خۆی دەنوێنێ:

بۆسنی= ستۆتینو

بولگاری= ستۆ

سپرانتۆ= سێنت

فینلەندی= سەتا

فەرەنسی= سەنت

هندی= ساو

گوژاراتی= سۆ

کرواتی= ستۆتینا

لاتیڤی= سیمتس

مەکەدۆنی= ستۆ
نیپالی= سەی
پۆلۆنی= ستۆ
پورتوگالی= سێنتێناس
ڕۆمانی= سوتا
ڕووسی= ستۆنیا
سربی= ستۆتیۆ
سلۆڤانی= ستا
ئیسپانی= سێنتێنار
سوندایی= ساراتوس
فارسی= سەد
تاجیکی= سەد
چیکی= سەتا
ئۆکرانی= سۆتینا
ئۆردو= سو

دوای گەڕان بەدوای ژمـــــــــــارە ١٠٠، دەرکەوت کە لە زۆریـــنەدا پیتـــی 'ت' گـــۆ دەکـــرێ، تەنیـــا فارســـی و تـــاجیکی واتە فارســـی دەری بە 'د' گـــۆی دەکەن بە سەد ناوی دەهێنن.

بۆچی وشەی بێبنەچە دەهێنن؟

زانایانی ڕەگەزناسی بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی هاوبەش، سەتان لێکۆڵینەوە دەکەن؛ تەنانەت پشکنینی دی ئێن ئای بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەنجام دەدەن و سوودی لێ وەردەگرن؛ هەروەها زمانناسانیش بۆ دۆزینەوەی ڕایەڵە و پێوەندی نێوان چەند زمانێک، شێلگیرانە دەگەڕێن و ماندوونەناسانە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ وشە و بنەچەی پەیڤەکان دەکەن، ئینجا بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن و خێزانی زمانەکان دەناسێنن. هەموو ئەو کارانەش لە ڕێی بنەچەزانییەوە بەڕێوەدەچن، بەڵام مخابن ئێستا هەندێک لە نووسەر و ڕۆژنامەوانانی کورد، هەر بە پێخواسی بەناو دەکەون، لە بێستانی دیترانداا دزی دەکەن و پەیڤی بێژۆک دەهێن.

وشەی بێژی و بێژۆک و زۆڵ ئەو وشانەن کە هەندێک بەناو ڕۆشنبیر و فەریکە ڕۆژنامەوان بۆ ناو زمانی کوردی پەلکێشیان دەکەن، یان لە تەلەفزیۆن و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا خۆیانی پێ بادەدەن. ڕاستییەکەی ئەو وشانە نەک هەر بێ بنچینەن، بەڵکو هەولێری گوتەنی بێژی و بێژۆکن.

جاران وشەی پاراو لە گوندەکان و لە کن گوندییەکاندا مابۆوە، کەچی ئێستا هەندێک گوندیی

بەناو ڕۆشنبیر پەیڤی سەیر و عەنتیکە لە نێو باخەڵی نووسینەکانیان ڕادەکەن. بابەتی نووسەرێکم خوێندەوە، هەتا ساڵی ١٩٩١ هەر لە گوند و لە شاخ ژیاوە، کەچی وشەکانی لینک، کۆنتاکت، پاکێج و سنگڵی لە نێو بەرِکی[8] نووسینەکەی پەستابوو. هەروەها جارێکیان بە دیار بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دانیشتبووم، کاکی بێژەر، لەماوەیەکی کورتدا وەکو تووتی وشەکانی (The legend, Final, Maestro, Profesor, Button, Stage, Backstage, Private) ی دەگوتەوە. من نامەوێ خۆم بە بنەچەی ئەو وشانەوە ماندوو بکەم، چونکە هەر هەموویان زۆڵن و بە زۆرەکی هێنراون. وەک چیرۆکی ئەو حاجی لەقلەقە وایە کە هێشتا کاتی هاتنی مابوو، کابرا چووبوو لە گوندێکی دیکە بە باوەش هێنابووی، تەنیا بۆ ئەوەی قسەکەی بە درۆ نەکەوێتەوە و نەدۆڕێ. ئەو بەڕێزانەش تەنیا بۆ ئەوەی بگوترێ کە فلانە نووسەر لێهاتووە و زمانی ئینگلیزی یا زمانێکی دیکە دەزانێ، بۆیە وشەی بیانی دەرخواردی خەڵک دەدات. ئەو کابرایەی لەقلەقەکەی هێنابوو، دەیزانی هەر دێ، بەڵام بە درەنگ دەکەوێ و قسەکەی ڕاست دەرناچێ، بۆیە بۆ خۆی بەرە و

[8] - بەرِک= بەریک= گیرفان.

پیلـــیەو[9] چووبـــوو، هێنـــابووی؛ کەچـــی ئەو بەڕێـــزانە بـــاش دەزانـــن ئەگەر بە ڕاکـــردنیش بەرەو پیلیـــانەوە بـــڕۆن و بە باوەشـــیش ئەو وشـــانە بهێـــنن، هەر شـــوێن ناگرن و بە بیژۆکی دەمێننەوە.

هێنـان و وەرگرتنـی وشـەی بیـانی، ئەگەر لە نێـو زمـانی خۆتـدا هاوواتایـان نەبـێ، هـیچ کێشـە نیـیە. ئەوەتـا کـورد وشـــەکانی تراکتۆر(تەرەکتـــۆر/ تەرەکتـــۆر)، تەلەفزیـــۆن، ڕادیـــۆ، ڕادار، ئینتەرنێـــت و....هتـــدی وەرگرتـــووە و کەســـیش گلەیـــی ناکـــات، چـــونکە ئەوانە بەرهەمـــی داهێنـــــانی تەکنەلۆژیـــــان، بەڵام ئەگەر وشـــــەیەک هاوواتـای لە نێـو زمـانی زگماکیـدا هەبـێ و لە زمـانێکی دیـــکەوە پەلکـــێش بکـــرێ، بە ســـێ مەبەســـت دەقاچێندرێتەوە:

یەکەم: نووســـەرەکە کـــۆلەوارە و شـــارەزایی لە زمـــانی زگماکی خۆیدا نییە.

دووەم: نووســـەرەکە بە ســـووکی لە زمـــانەکەی خـــۆی دەڕوانێ و بە هەژار پێوانەی دەکات.

ســـێیەم: نووســـەرەکە دەیەوێ بە هـــۆی ئەو وشـــانەوە، خـــۆی بابـــدات، نـــاز بکـــات و لاف لەســـەر دیتـــران لـــێ بدات.

[9] - لە زۆر شوێن دەگوترێ بە پیریەوە!! من ئەمە بە هەڵە دەبینم، چونکە مرۆڤ پیلی هەیە نەک پیر.

بێگومـان هەر سـێکیان کـوێرە ڕێـنە و بە زیـانی خـودی نووســـــەرەکە دەشـــــکێنەوە، دەی کەواتە لەبەرچـــــی و بۆچی و چما ئەو وشانە پەلکێش دەکەن؟

بـــنەچەی هەنـــدێک وشـــە کە مشـــتومڕیان لەسەرە

1 - **البواسـير**: جمع الباسور، وهـو مـرض معـروف يؤدي إلى خروج الدم من باطن البدن.

جۆرێـک نەخۆشـیە کە دووچـاری کـۆمی مـرۆڤ دەبـێ، چـونکە ڕەگ و وردە موولـوولەی بەشـی خـوارەوەی کـۆم دووچـاری فراوانبـوون یـان تـرەکین دەبـن، هەنـدێک وەک ئـارترۆزی موولـوولەی کـۆم نـاودێری دەکەن، بەو هـۆیەوە ئـازار بـۆ کـۆم دروسـت دەبـێ؛ ئێسـتا لە زۆر شـوێنی کوردسـتان بەو نەخۆشـیە دەگـوترێ مایەسـیری، مایسـیری و باوەسـیر. وەهـا سـەپێندراوە کە وشـەیەکی عەرەبیـیە، بەڵام کە بـۆ بـنج و بنەوانـی شـۆر دەبیـنەوە، ئیـدی دەردەکەوێ کە لە وشـەی 'بەسـۆر' یـان 'بەسـوور'ەوە هـاتووە، کە ئەویـش وشـەیەکی کەونـاری کـوردییە و واتـای 'بەخـوێن' دەدا؛ هەڵـبەت عەرەب وەریگرتـووە و کردوویەتـی بە 'باسـور' لە کـۆکردنەوەدا کردوویەتـی بە 'بەواسـیر'. عەرەب خـۆی دەڵـێ (**باسـوُر**:اسم، الجمـع : **بوَاسِـير**). لێـرەدا ڕاسـتیەکان خۆیـا دەبـن، چـونکە باسـوور لەنێـو زمـانی عەرەبیـدا هـیچ واتـایەک نابەخشـێ و لەلایەکـی دیکەشـەوە بەشـێوازی

شـــــکێندراو کـــــۆکراوەتەوە؛ وەکـــــوو زۆربەی ئەو وشانەی کە عەرەب وەریاندەگرێ و دەیانشکێنێ.

2 -دیك

الديك هو ذكرُ الدَّجاج. والجمع : ديوك، وأدياك، ودِيَكَة.

وشـەی 'دیـک' لەگەڵ وشـەکانی 'کەلەشـێر' و 'کەڵەبـاب' هاوواتـایە، لە فارسـی پێـی دەگـوتری 'خـوروس'، لە عەرەبیشدا هەر دەگوترێ دیک. لە دێر زەمانەوە عەرەب، بەتایبەتیش سریان و ئارامی لە هاوسێیەتی کورددا ژیاون یان هاونیشتمان بوونە، بۆیە وەرگرتن و پێدانی وشـە لە نێوان زمانەکاندا ئاساییە، بەڵام تا ئێستا نازاندرێ ڕەسەنی وشەکە هەر هی کورد خۆیەتی یان لە سریان، ئارامی و عەرەبی وەریگرتووە؟ چونکە وشـەی دیک و دیکل لەنێو کرمانجی و بادینیدا بە هەمان واتا عەرەبییەکەی جێوارە.

بـۆ گەڕان بەدوای بـنەچەی ئەم وشـەیە لە سـەر بـنکەی 'دیس'ی ساسـانی دەگیرسـێینەوە، دیس واتـای مریشـک و مـامر دەدا، بەڵام دیسـک یـان دیک واتـای پـارێزەری دیس بەرجەستە دەکات.

ڕاسـتییەکەی وشـەی دیس بەواتـای مێینە دەکـار کـراوە، ئێسـتا وشـەی 'مـورغ'ی فارسـی لەگەڵ مریشـک و مـامر هاوواتایە، بەڵام جگە لە وشەی دیس، وشـەکانی 'مـۆرقەک، مـــــورقەک، مەرق، مـــــورق' دەکـــــارهێناون. لەم وردبـــوونەوەیەدا دەگەیـــنە ئەو ڕاســـتییەی کە 'مـــورغ'ی فارســـی دریژکـــراوەی 'مـــورق'ی ساســـانییە، هەروەهـــا

خوروس ڕاستەوخۆ بۆ 'دیس'ی ساسانی دەگەڕێتەوە و لە مورڤدیس وەگیراوە؛ هەروەها 'دیک'یش هەر 'دیسک'ە و پیتی 'س'ی قرتاوە. هەروەها لە زمانی پەشتۆ (پشتۆ) دەگوترێ چەرک، بەو هۆیەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە دیک و چەرک هاوواتان و لە زمانی پەهلەوی ساسانییەوە ماونەتەوە، واتە دێک وشەیەکی کەونارە و عەرەب وەریگرتووە.

ئێستا لە زازاکی بە مریشک دەگوترێ 'قیپ'، هەروەها بە بێچووی مریشک دەڵێن 'لیچک'. دیارە لیچک لەگەڵ جوجکە، جوجەڵە، چوچک هاوواتان.

3 -سهم

سەهم وشەیەکی کەونناری ساسانییە و عەرەب وەریگرتووەو بەهەمان واتا دەکاری دەکا.

عەرەب دەنووسێ: **(سَهم – اسم-) ، الجمع (أسْهُم و سِهام و سُهوم).** زۆرینەی ئەو وشانەی کە عەرەب لە دیتران وەریدەگرێ، بە شێوەی شکاندن کۆیان دەکاتەوە. هەڵبەت لە زمانی پەهلەویدا وشەکانی سەهمەگان و سەهمگین و سەهمدار هەبوون، ئێستاش فارس سوود لەو وشانە وەردەگرێ. هەرچەندە کە لە کوردەواریدا وشەی 'سەهم' بەکار دەهینرێ، بەڵام نووسەران لە کاتی نووسیندا خۆیانی لێدەپارێزن و پێیانوایە کە

وشـــەیەکی عەرەبیـــیە! لەکاتێکـــدا وشـــەیەکی دێـــرینە و دەکرێ سوودی لێ وەربگرین.

4 -ڕُشد

ڕُشـد: (اسـم) . مصـدر رَشَـدَ . بَلَـغَ سِـنُ الرشـد: سِـن البلـوغ و العقل .
مـن (ر ش د) عنـد الفقهـاء أن يبلـغ الصـبي حـد التكلـف صـالحا في دينـه مصـلحا لمالـه وفي القـانون السـن الـتي إذا بلغهـا المـرء استقل بتصرفاته.

(ڕُشـد) روشـــد لە وشـــەی 'روســـت'ی ساســـانی وەرگیـــراوە کەواتـــای پێگەیشـــتن و ڕســـکانی داوە. دەگـــوترێ میـــوەکە پێگەیشـــتووە، ڕەســـیوە. یـــان ئەم شـتە بـاش ڕسـکاوە. ئێسـتا وشـەی 'ڕەسـید' لە فارسـی مـــاوەتەوە و واتـــای گەیشـــتن دەدات، کە هەر بـــۆ بـــنەچەی **روســـت** دەگەڕێـــتەوە. باپیرانمـــان وشـــەی ڕوشـــتیان بە واتـــای پێگەیشـــتن و گەورەبـــوون بەکـــار دەهێنـــا. بـــۆ نمـــوونە، دەیـــانگوت: [ئەم گەنـــمە ڕوشـــت ناکـــا] واتە گەورە نـــابێ، بەڵام ئـــێمە پێمـــانوابوو کە لە عەرەبـــی وەریـــانگرتووە، بـــۆیە خۆمـــان لـــێ دەپاراســـت. لەلایەکـــی دیـــکەوە وشـــەی 'ڕژد' لە نێـــو زمـــانی کوردیـــدا هەیە و واتـــای ' گەورەبـــوون، پێـــداگر، مکـــوڕ-مـــوکڕ-، خێرایـــی زۆر ' دەدات. دەگـــوترێ: [ئـــازاد لە هەمووێـــان ڕژدتـــر بـــوو، دادەڕســـا و بەکەس بەرزەفـــت نەدەکـــرا.] واتە کابرا زۆر مکوڕ بوو.

لەم وردبـــوونەوەیەدا دەردەکەوێ کە روشـــد و ڕوســـت هاوواتـــان و زۆریـــش لەیەکـــدی دەچـــن. چـــونکە هـــۆزە عەرەبەکـــان لە هاوســـێیەتی ساســـانیدا دەژیـــان و بە ژیـــار و شارســـتانێتی ساســـانی سەرســـام بـــوون، گومـــانی تێـــدا نیـــیە کە عەرەب وەرگریگرتـــووە، وەکـــوو وشـــەکانی دیـــکە، پیتـــی 'ت'ی بـــۆ 'د' گۆڕیـــوە و بـــووە بە روسد، بە تێپەڕبوونی کات بۆ ڕوشد گۆڕدراوە.

لە زمـــانی کوردیـــدا وشـــەی 'ڕشـــت' هەیە و واتـــای دامرکـــانەوە دەدا. دەگـــوترێ [ئەوەنـــدە هـــات و هـــاواری کـــرد، دوایـــی ڕشـــت بـــوو]. [ئـــاگرەکە زۆر بە گوڕبـــوو، پاشـــان ڕشـــت بـــوو]. لە نـــاوچەی شـــیرازی ئێـــران وشـــەی ڕەشـــت بە واتـــای خۆڵەمێشـــی دێ، دیـــارە خۆڵەمیشـــیش ئاکـــامی ســـووتانی شـــت و دامرکـــانەوەی ئـــاگرە. لەوانەیە ڕشـــتی کـــوردی و ڕەشـــتی شـــیرازی هاوواتا بووبن.

لە فەرهەنگـــی خاڵـــدا وشـــەی 'ڕوشـــتە' بە 'هەودای بـــادراو' لێکـــدراوەتەوە کە واتـــای بەن و دەزووی بـــادراو دەدا، واتە بەن و دەزووی ئامـــادەکراو؛ ئامادەکراویش زۆر لە پێگەیشتن نزیکە.

لێـــرەدا دەگەیـــنە ئەو بـــاوەڕەی کە وشـــەکانی 'ڕســـکان، ڕژد، ڕوشـــت، ڕشـــت، ڕوشـــتە و ڕەســـید' هەر هەموویـــان قومێـــک ئاویـــان لە کـــانیلەی 'ڕوســـت'دا خواردۆتەوە.

5 - الجَزِيرَةُ

الجَزِيرَةُ : أَرض يُحْدِق بها الماء. والجمع : جَزَائر، وجُزُرٌ.

وشەی 'گەزیرەک' و 'گەزیرە'ی ساسانی لەگەڵ جەزیرەی عەرەبی هاوواتان و زۆریش لەیەکدی دەچن، خۆ ئەگەر ساسانی لە عەرەب وەریگرتبا، دەیتوانی بڵێ جەزیرە، یان جەزیرەت، چونکە دەنگی 'ج' لە ساسانیدا هەبووە و ئێستاش لە کوردیدا جێوارە، بەڵام دیارە عەرەب وەریگرتووە، چونکە بە هۆی نەبوونی دەنگی 'گ' و پیتی 'گ'، لە زمانی عەرەبیدا، ئیدی بۆ 'ج' گۆڕیویەتی. ئەگەر سەیری وشەی 'الجزراوي/ ئەلجەزراوی' بکەین کە بۆ کەسی گەزیرەنشین دەگەڕێتەوە و بە پاشگری 'ئاوی/ اوی' دروست کراوە، گومانێک لە وشەی جەزیرەی عەرەبی دروست دەبێ، چونکە هەمیشە عەرەب ئەگەر ناوێکی تایبەت بە هۆی شوێنەوە بناسێنێ، یان کەسێک بە هۆی شوێنی دانیشتن و زێدەکەیەوە بناسێنێ، پاشگری 'ي' بۆ زیاد دەکات. وەک "البغدادي" (ئەلبەغدادی)، فەلەستین دەبێ بە فەلەستینی، میسر دەبێ بە میسری، هەرچەندە کە ئەو وشانەی زمانی عەرەبی کە بە 'اء' ، واتە بە 'ئەلف و هەمزە' کۆتاییان هاتووە، وەک (صحراء، علاء، زکریاء، شرقاء، حمراء) بە پاشگری 'وی'

دەگـــــۆڕدرێن و دەبـــــن بە (ســـــەحراوی، عەلاوی، زەکەریـــاوی، شـــەرقاوی، حەمـــراوی). ڕاســـتییەکەی لەم نموونـــانەدا، پیتـــی 'ا' هـــی خـــودی وشـــەکەیە، بـــۆیە تەنیـــا 'وی' بـــۆ زیـــاد کـــراوە، کەچـــی لە جەزیـــرە یـــان جەزر پاشـــــگری 'اوی' بـــــۆ زیـــــاد کـــــراوە، ئەمەش دەگمەنە و گومانەکە زۆرتر دەکات.

ســـەبارەت بەو جـــۆرەی ناســـین کە بەهـــۆی شـــوێنەوە دروســـت دەکـــرێن، لە ڕێزمـــانی عەرەبیـــدا هـــاتووە: **(النســـب إلـــى الاســـم الممـــدود: إذا كـــان الاســـم المـــدود خماســـي وهمزتـــه للتأنيـــث، فتُقلـــب الهمـــزة إلـــى واو ويـــتم إضـــــــافة يـــــــاء النســـــــب المشـــــــددة. مثـــل :صـــحراء – صـــحراوي)**، کەچـــی لە **الجـــزراوي** دا، 'اوی' بۆ زیاد کراوە.

هەروەهـــا بـــۆ ئەو وشـــە عەرەبیـــانەی کە کۆتاییـــان بە (ة) دێ، لە دەســـــتووری ڕێزمـــــانی عەرەبیـــــدا نووســـراوە: **(النســـب إلـــى الاســـم المؤنـــث المنتهـــي بتـــاء التأنيـــث :عنـــد النســـب إلـــى اســـم مؤنـــث مختـــوم بتـــاء تأنيـــث، يـــتم حـــذف تـــاء التأنيـــث وإضـــافة يـــاء مشـــددة ويُكســـر مـــا قبلهـــا. مثـــال :فاطمـــة – فـــاطمي، هندســـة – هندســـي)**. جـــا ئەگەر بەو پێوەرە بێ، دەبێ ببێ بە **الجزيري**.

6 -نكير

مصدر نَكِرَ، نَكِيرٌ :إنكار، جحود.
أنكرَ يُنكر ، إنكارًا ، فهو مُنكِر ، والمفعول مُنكَر.

نەکیر واتای نکۆڵیکردن دەدا، بەڵام لە زمانی دێرینی کوردیدا وشەی 'نەکێرای' هەبووە کە واتای پەشیمانی داوە. لە چاوگی 'کرتن و کردن'ەوە سەرچاوەی گرتووە. کرد و نەکرد؛ نەکێرا= نەکردوو؛ نەکێرای= پەشیمان لە کارێک یان ڕەفتارێکی ئەنجامدراو. ئەو کەسەی نکۆڵی لە کارەکەی خۆی کردبێ، پێیگوتراوە نەکێرای. واتە نەکراوە یان لە کردنەکەی پەشیمانە. هەڵبەت وشەی 'نەکیرە'ی عەرەبی زۆر لە وشەی نەکیر و نەکیرای ساسانییەوە نزیکە، بە گومانی زۆرەوە وەرگیراوە و لە ئاشی ڕێزمانی عەرەبیدا هاڕدراوە و چەندین وشەی خواستراوی لێ دروست کراوە، بەڵام شێوەیەکی ڕەهای بۆ نکۆڵیکردن پێدراوە.
وەک دەزانین کە 'کرد' و 'کردار' لەگەڵ 'فعل'عەرەبی هاوواتان. پەندێکی کوردی هەولێرێ هەیە دەڵێ: نەکردی و نەخواردی، لە سمێڵان مەیی'

7 -مسۆگەر

لە ڕایەڵەی جڤاکی ئینتەرنێتدا، بەڕێزێک سەبارەت بە وشەی 'مسۆگەر یان مستۆگەر' پرسیبووی، ئەوەی جێی سەرسوڕمان و قەرەماتی بوو، تێچنەی کەسێک بوو کە جەختی لە عەرەبیوونی وشەکە کردبۆوە، نووسیبووی کە وشەیەکی عەرەبیە، سواوە و

کـوردی نیـیە!! ئەو کـات لـێم پرسـی کە ئایـا لە کـامە وشـەی عەرەبـی وەرگیـراوە، هەروەهـا پیتەکـانی 'ۆ' و 'گ' لە عەرەبـی نیـیە و گۆنـاکرێ، ئەی چـۆن عەرەبیـیە؟ ئەو بەڕێـزە هـیچ پاسـاوێکی نەبـوو، تەنیـا نووسـیبووی کە گـوایە شـێخ مـحەمەدی خـاڵ لە کـۆڕی زانیاری کوردیدا وای فەرموو!!

مـن بـاوەڕ نـاکەم ئەو قسـەیە هـی شـێخ مـحەمەدی خـاڵی فەرهەنگنـووس بـێ، بەڵام دیسـانەوە ئەگەر ئەو یـان هەر بەڕێزێکـی دیـکە ئەو قسـەیەی کردبـێ، پێمـوایە سێرەی بەهەڵە گرتووە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە.

لە زمـانی عەرەبیـدا وشـەی (**مُسـوجَر،** اسـم، خطاب **مُسـوجَر** مقیّد، مغلـق) هەیە، کە واتـای بەپـارێز و داخـراو دەدا؛ هەرچـی مسـۆگەرە لەگەڵ وشـەی (**مَظْـمون**)ی عەرەبـی هاوواتـایە. وێـڕای ئەوەی کە وشـەی (**مُسـوجَر**) موسـوجەر و مسـۆگەر بە شـێوەی نووسـین لەیەکـدی نـزیکن، بەڵام واتـای جیاوازیـان هەیە و شـیمانەی ئەوە نـاکرێ کە کـورد وەریگرتبـێ، چـونکە لەم وشـەیەدا هەمـزەی سـەر پیتـی یەکەم کە بە 'و' گـۆڕەکرێ، نیـیە؛ هەروەهـا بـۆ دەبـێ سـێیەمین پیـت کە 'و' ە، بـۆ 'ۆ' و پیتـی 'ج'یـش بـۆ 'گ' گـۆڕدرابێ؟! کـورد ئەگەر وەریگرتبـا دەیتـوانی وەک خـۆی بیخـوێنیتەوەو بە کـاری بهێنـێ. ڕاسـتییەکەی شـیمانەی ئەوە زۆرتـرە کە عەرەب وەریگرتبـێ و بە هـۆی

نەبوونی پیتەکانی 'ۆ، گ' گۆڕانی تێدا کردبێ. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە پێویستە لە وشەی مسۆگەر(کوردی) و **(مَضْمون)**ی عەرەبی، بکۆڵینەوە. لە عەرەبیدا بەم شێوەیە هاتووە: (شيء **مضمون**:مؤكّد أو في متناول اليد)؛ وشەی مسۆگەری کوردیش هەمان واتای هەیە.

مسۆگەر واتە کارێک یان شتێک بڕابێتەوە و کۆتایی پێهاتبێ، یەکلایی کرابێتەوە و هیچ گومانی تێدا نەمابێتەوە، واتە بەدڵنیاییەوە ئەنجامدرابێ، یان لە داهاتوودا ئەنجام دەدرێ. هەڵبەت شتێک مسۆگەرە کە لەنێو دەست یان گیرفان دابێ و یەکلایی کرابێتەوە. مرۆڤ کاتێک لە شتێک مسۆگەر دەبێ کە لەنێو دەستی خۆیدا بێ، واتە لەنێو مست قەتیسکرابێ. مست یان مستۆک بە واتای دەستی قوچێندراو و ئەنگوستی پێکەوە چەسپێندراو، دێ. شتێک ئەگەر لەسەر لەپی دەستیش بێ، بە هۆی 'با'و یان هێزێکی دیکەوە ئەگەری کەوتن و بەربوونەوەی هەیە، بەڵام ئەگەر لەنێو مست، واتە لەنێو دەستی قوچێندراودا بێ، بە ئاسانی بەرنابێتەوە و مسۆگەر دەبێ. لەوانەیە لەبنەڕەتدا وشەکە 'مستۆک+گەر' بووبێ، واتە بە هۆی پاشگری 'گەر'ەوە چێکرابێ، بەتێپەڕبوونی کات بۆ مستۆگەر و مسۆگەر کورت بووبێتەوە؛ مست خۆی لەخۆیدا

واتای هێز دەدا، واتە بەهێز مسۆگەر کراوە، بۆیە ناکرێ وشەکە لەعەرەبییەوە وەرگیرانێ. هەر بۆ زانیاری، لە زمانی پەهلەوی دا(کوردی دێرین)، وشەی موستگەر بەواتای زاڵم و زۆردار بەکار هاتووە. واتە وشەی مست کە ئێستا لە نێو زمانی کوردی جێوارە لە وشەی 'موست'ی پەهلەوی ماوەتەوە.

8 -زیاد

زۆر جاران توانج و پلار لەم وشەیە دەدرێ و دەیانەوێ هەرەتەی ماڵی دیترانی بکەن و دەڵێن کە ئەمە کوردی نییەو لە عەرەبی وەرگیراوە!!

بۆ گەڕان بەدوای بنج و بنەوانی ئەم وشەیە، دەکرێ سڵاوێک لە وشەی زان بکەین و لێی بپرسین کە زیاد بوون چییە؟ ئەویش دەڵێ: واتە لەدایک بوون، واتە زیادبوونی بوونەوەرێکی دیکە. ڕاستییەکەی لە کوردەواریدا زۆر جاران گوتراوە: مەڕێکمان زا و دوو بەرخی بوو. واتە ژمارەی مەڕەکان زیادی کرد.

زان چاوگە و لە دۆخە جیاوازەکانی کاردا دەبێ بە: (دەزێ، زا، بزێ، بزابا). لە کۆندا لە جیاتی زا، گواتراوە زایید، لەزمانی کوردی بۆ زا کورت کراوەتەوە، کەچی لەهەندێک دەڤەردا دەگوترێ زایە، یان زاوە، بەڵام هەتا ئێستاش لە زمانی فارسیدا هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە و دەگوترێ (آن زن زایید)،

واتە ئەو ژنە زا. کاتێک ژنێک، یان هەر مێینەیەکی دیکە دەزێ، ڕاستەوخۆ بوونەوەرێکی دیکە زیاد دەبێ. ئێنجا با بێینەوە هەر وشەکانی زێ، زێد. زێدە و زێتر.

زێ ئەندامی مێینەیە و دەریچەیەکە و بوونەوەری تازە لێیەوە دێتە دەرێ؛ زێد، شوێنی لەدایکبوونی ئەو بوونەوەریە. زێدە، واتای پتر لە یەکێک دەدا، یان ژمارەیەکی دیکە بخرێتە سەر ئەوانەی هەبووە؛ زێتر یان زێدەتر، واتای ئەوە دەدات کە دوای زێدەکردن دیسانەوە شتێک زێدەکراوەتەوە.

هەروەها وشەکانی زیادە و زیایە یەکجار زۆر بەکاردەهێنرێن، لە پرۆسەی زانەوە سەرچاوەیان گرتووە. وشەی زات واتای خودی مرۆڤەکە یان بوونەوەرەکە دەگەیەنێ، دەگوترێ ئەمە زاتی پیسە، یان زاتی پاکە. ئیدی لەڕێی ئەو هەموو وشانەوە پشتڕاست دەبینەوە کە وشەی زیاد لەنێو زمانی کوردیدا زیاد نییە و لە دیترانیشەوە وەرنەگیراوە. تەنانەت لە کوردی خواروودا، بەتایبەتیش لە لوڕیدا وشەی زایا بە واتای نەوە و نەژاد (پشتاوپشت) دێ.

9 -حەوشە

بەو دیوارەی کە لەپێش ماڵ یان بەدەورەی خانوودا دروست کراوە و پارچەیەک زەوی بۆ سنووردار کردووە، دەگوترێ حەوشە. بە هۆی ئەوەی عەرەبی

عێراق وشەی حۆش بەکار دەهێنێ، زۆر جاران دەگوترێ حەوشە هەر لە حۆشی عەرەبییەوە هاتووە!! بەڵام ئەگەر بۆ بنەچەی ئەم وشەیە بگەڕێینەوە، دەبینین کە لە زمانی دێرینماندا وشەی حۆس هەبووە و هەمان واتای داوە، تەنانەت لەگەڵ وشەی هاوسی ئینگلیزی و ئەڵمانیدا هاوڕیشەیە، بەڵام هاوسی (house)ی ئینگلیزی و (Haus) ئەڵمانی و (hus)ی سوێدی بەواتای خانوو دێن. حۆسی پەهلەوی بۆ حۆس و حۆش گۆڕاوە. ئەوەی تێبینی کراوە زۆرینەی ئەو وشانەی کە پیتی دووەمییان 'ۆ' بووبێ، بۆ 'هو' دەگۆڕدرێن. ئەوەتا هۆرامان بووە بە هەورامان، بە گوێرەی ئەو ڕیسایە وشەی حۆش بووە بە حەوش و حەوشە. ڕاستییەکەی بنەچەی وشەکە کوردییە و عەرەب وەریگرتووە، ئەگەر وردتر لە وشەکە بڕوانین، دەبینین کە عەرەب پیتی 'ۆ'ی نییە و ناشتوانێ بە ئاسانی دەریببڕێ، بەڵام خەڵکی عێراق و سوریا بە هۆی ئەوەی کە زۆربەیان پێشینەی ساسانییان هەیە، یان پێوەندی دراوسێتی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ نەوەکانی ساسانیدا هەبووە، دەتوانن پیتی 'ۆ. ێ. گ. چ' گۆ بکەن. ڕاستییەکەی وشەی حەوشە لەگەڵ 'حیاط'ی زمانی فارسی هاوواتایە.

10 - کشمات

وشەی کشمات لە 'کش+مات' پێکهاتووە. هەندێک پێیانوایە کە بڕگەی یەکەمی کوردی و بڕگەی دووەمی عەرەبییە!! بەڵام ڕاستییەکەی هەردوو بڕگەکە کوردین. با سۆراغی هەردوو بڕگەی کشمات بکەین.

کش بۆ دەرکردن و ڕاونانی پەلەوەر بە کار دەهێنرێ، واتە مەبەست ئەوەیە کە پەلەوەرەکە بێدەنگ بکرێ یان دوور بخرێتەوە. زۆر جاران کە مریشک دەقرتێنێ، یان دیک دەقوقێنێ، یان مراوی دەواقێ و قاز دەقیڕێ، مرۆڤ دەیەوێ بێدەنگی بکات و دووری بخاتەوە، کشەی لێ دەکات، دەڵێ: کش.

لەلایەکی دیکەوە لە زاراوەی لوڕیدا کش واتای بێدەنگکردن دەدا. لێرەدا وشەی 'کش' ساغ بۆوە و دەرکەوت کە واتای بێدەنگی دەدا. ئێستا ئەگەر بەدوای وشەی مات بگەڕێین، دەبینین کە مات لەگەڵ بێدەنگ هاوواتایە و زۆر جاران دەگوترێ مات و بێدەنگ. کاتێک کەسێک بێدەنگ دەبێ، دەگوترێ مات بووە. وشەی قەرەمات هەیە و واتای زۆربێدەنگی و سەرسامبوون دەدا.

دوای وردکردنەوەی هەردوو بڕگەی کشمات، دەردەکەوێ کە وشەیەکی تەواو کوردییە و هیچ پێوەندی بە عەرەبییەوە نییە.

لەیـــاری شـــەترەنجدا کاتێـــک مەلیـــک یـــان پاشـــا دەکـــوژرێ، دەگـــوترێ کشـــمات، واتە بـــڕۆ بێـــدەنگ بە. ڕاستییەکەیشـــی بێـــدەنگ دەبـــێ و دەرفەتـــی یـــاریکردنی نامێنێ و گەمەکە کۆتایی پێدێ.

11 - شێخ

نازنـاوی شـێخ بـۆ کەسـێکی خـاوەن پـێگەی دینـی گەورە و لێهـــــاتوو بەکـــــاردەهێنرێ، بەڵام کەســـــانێک کە شـــارەزاییان لە زمـــانی کوردیـــدا نیـــیە، لەخـــۆڕاوە بـــۆ ســـەر وشـــەی 'شـــەیخ'ی عەرەبـــی دەگێـــڕنەوە و پێیـــانوایە کورد وەریگرتووە.

ڕاســـتییەکەی، لە زمـــانی عەرەبیـــدا بە پیـــاوی بەتەمەن و بەســـــاڵاچوو دەگـــوترێ شـــەیخ. هەروەهـــا وشـــەی شـــەیخوخە (شـــیخوخة) واتـــای پیـــری و ســـاڵمەندی دەدات. ئەوەتـا گـوتراوە **[وأمـا كلمـة (الشـيخ) فلـيس للقـرآن الكـريم عـرف شـرعي خـاص بهـا، بـل جـاءت فيـه بـالمعنى اللغـوي المعـروف فيهـا، والـذي ذكـره ابـن السـكيت رحمـه اللـه (ت244هــ) بقولـه: " إذا ظهـر بـه الشـيب واسـتبانت فيـه السـن فهـو شـيخ " انتهـى مـن " الكنـز اللغـوي " (161) ، ينظـر : " لسـان العـرب " (3/31-33) ، " تـاج العـروس .** (7/286-289)] واتە شـــەیخی عەرەبـــی لەگەڵ

پیرەمێـرد و مرۆڤـی بەسـاڵاچووی کـوردی هاوواتـایە، بەڵام شـێخی کـوردی بـۆ پـلە و پێگەیەکـی دینـی سنووردار کراوە.

ئەگەر لە وشـەکانی 'شـا، شـاخ ، شـێخ، شـێت، شـۆخ، شـاکار و شـاکەڵ' ورد ببینـەوە، ڕاسـتییەک خۆیـا دەبـێ و دەزانـین کە شـا بە واتـای گەورەی وڵات، شـاخ بەواتـای کێـوی گەورە و شـێخیش بەواتـای پیـاوی گەورەی دینـی دەڤەرەکە بەکـار دێـن. شـێت ئێسـتا بـۆ کەسـێک دەکـار دەکـرێ کە مێشـک و ژیـری لە دەسـت دابـێ، بەڵام لە دێرینـدا واتـای درەوشـاوەی داوە، کەسـێک کە لە نێـو خەڵـک و لە بواریکـدا تەکـانە و پێشـەنگ بـوایە، پێـی گـوتراوە شـێت، بە تێپەڕبـوونی کـات، بـۆ ئەو کەسـانە تـایبەت کـراوە کە دێـوانە بـوونە و لە خەڵکـی ئاسـایی جیـا کـراونەتەوە. هەروەهـا شـۆخ بە واتـای زۆر جـوان و نـازدار دێ؛ شـاکار بە واتـای کـاری گەورە و شـاکەڵ بەواتـای کەڵـی گەورە بە کـار دەهێنـرێن. لەلایەکـی دیـکەوە لە دینـی ئێزدیـدا پۆسـتی پیـر و شـێخ هەن. ڕێـبەری دینـی ئێـزدی پێـی دەگـوترێ بـابێ شـێخ؛ هەروەهـا پێـنج فەرزەکـانی حەقیقەتـی دینـی ئێـزدی بـریتین لە: (شـێخ، پیـر، هۆسـتا، ڕاهێـنەر و بچوکترین برا و خوشک).

لە هەمـوو فەرهەنگەکـانی عەرەبیـدا شـەیخ بەواتـای پیرەمێـر هـاتووە، ئەوەتـا لە قورئانـدا نووسـراوە: (هُـوَ

الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا شُيُوخًا) غافر/67.
جاءت في هذه المواضع جميعها بالمعنى اللغوي الدال على كبر السن). ویڕای ئەوانەوە چونکە لە دینی ئیزدیدا نازناو و پلەی شێخ بە رابەری دینی و زانای و شارەزای ئایینی دراوە، ئیدی دواتر عەرەبەکانیش وشەی شەیخیان بۆ ئەو کەسانە بەکارهێناوە کە تەمەنیان هەڵکشاوە و زانیاری دینییان پەیدا کردووە. لەم بارەیەوە نووسراوە: **ومع ذلك يجوز إطلاق كلمة (شيخ) لغةً وعُرفا على مَن يكثر علمه ، ويشتهر بالمعرفة بين الناس ؛ لأن هذا المعنى له علاقة بالمعنى السابق ؛ إذ المشيخة - التي هي كبر السن وتقدمه - يفترض أن تكون سببا في زيادة العلم ودقة المعرفة ، ولهذا أطلقوا على من حاز المعرفة وصف (الشيخ)، كما يقول الراغب الأصفهاني رحمه الله : " يقال لمن طعن في السن : (الشيخ) ، وقد يعبّر به فيما بيننا عمن يكثر علمه ، لمَّا كان مِن شأن (الشيخ) أن يكثر تجاربه ومعارفه " انتهى من " المفردات في غريب القرآن " (ص/469).**
هیچ گومانی تێدانییە کە وشەی شێخ نازناو و پلەیەکی دینی ئێزدییە، تەنانەت ناوەکانی شارۆچکەی 'شێخان' و عەشیرەتی 'شێخانی'یش لەو نازناوەوە هاتووە.

ئەکادیمیا!

کاتێک ڕەخنە لە هاوێرکردنی هەندێ وشە دەگریت، یەکسەر کەسانێک ڕاست دەبنەوە و دەڵێن: بە ڕێسای ئەکادیمیا، ئەگەر جێناوی لکاو هات، دەبێ وشەکە لەتبکرێ!! مخابن ئەوانە هۆکارەکەیشی شێ ناکەنەوە و باشیش دەزانن کە ئەو پێداگرییە هەڵەیەکی گەورەیە و زیانێکی گەورەش بە زمانی کوردی دەگەیەنێ.

پێشتر لە بابەتێکدا نقورچەیەکم لەو ڕێسا ناتەواوە دابوو، نووسیبووم، چۆن دەکرێ: (دامنا، داتنا، داینا، دامانا، داتانا، دایانا) بەبیانۆی هەبوونی جێناوی لکاو لەتبکرێن؟

لەو باوەڕەدام، منداڵ کە تازە گۆ دەکا، ئەم وشانە لەت ناکات و نالێ: دام نا!! ئەو بەڕێزانەی ئەکادیمیا کاتێک ڕووبەڕووی ئەو هەڵەیە کرانەوە، دەستیان بە ڕاپرسی کرد و سەرەنجام گوتیان: ڕێپێدراوە ئەگەر (دامنا، داتنا، داینا و....) لەت نەکرێن و پێکەوە بنووسرێن. واتە هەستیان بە هەڵەکەیان کرد، بەڵام ئێستا هەمان قەوان لێ دەدەنەوە، ڕێنوێنی دەکەن و دەنووسن: پێمواید هەڵەیە و دەبێ بنووسرێ: پێم وایە! خۆ کاتێک ڕەخنەیان لێ دەگرێ، دەڵێن: چۆن دەبێ ڕستەیەک یەک وشە بێ؟!

پێش ئەوەی نوقرچەیەکی تووندتر لە ڕانی ئەکادیمیا بگرم، دەپرسم: ڕێزدارانی ئەکادیمیا، ئێوە دەتوانن ئەم وشانە لەت بکەن کە هەر یەکەیان بۆ خۆیان ڕستەیەکن؟

1 - کوشتمت|تۆ منت کوشت|، کوشتمی|ئەو منی کوشت|، کوشتمتان|ئێوە منتان کوشت|، کوشتمیان|ئەوان منیان کوشت|.

2 - سووتاندمت|تۆ منت سووتاند|، سووتاندمی|ئەو منی سووتاند|، سووتاندمتان|ئێوە منتان سووتاند|، سووتاندمیان|ئەوان منیان سووتاند|.

3 - برژاندمت|تۆ منت برژاند|، برژاندمی|ئەو منی برژاند|، برژاندمتان|ئێوە منتان برژاند|، برژاندیمیان|ئەوان منیان برژاند|.

4 - گرتمت|تۆ منت گرت|، گرتمی|ئەو منی گرت|، گرتمتان|ئێوە منتان گرت|، گرتمیان|ئەوان منیان گرت|.

5 - بەستمت|تۆ منت بەست|، بەستمی|ئەو منی بەست|، بەستمتان|ئێوە منتان بەست|، بەستمیان|ئەوان منیان بەست|.

6 - ڕفاندمت|تۆ منت ڕفاند|، ڕفاندمی|ئەو منی ڕفاند|، ڕفاندمتان|ئێوە منتان ڕفاند|، ڕفاندمیان|ئەوان منیان ڕفاند|.

7 - خنکانـــدمت|تۆ منـــت خنکانـــد|، خنکانـــدمی|ئەو منـــی خنکانـــد|، خنکانـــدمتان|ئێوە منتـــان خنکانـــد|، خنکاندمیان|ئەوان منیان خنکاند|.

بابێینەوە سەر پێموایە، چونکە بنەڕەتی ڕستەکە بریتییە لە: من پێموایە(**پێ لە پێکهاتەی وشەکەدایە و لاچک نییە**)بەڵام بۆ 'پێموایە' کورت بۆتەوە، ئیدی ئەگەر بەرانبەرەکەی بە زمانی ئینگلیزی، سوێدی و عەرەبی وەربگرین، بەم شێوەیە خۆیان دەنوێنن.

١/ I think
٢/ Jag tror
٣/ أنا أظن

لێـــرەدا دەردەکەوێ کە پێمـــوایە لەگەڵ(think و tror و أظـن) هاوواتـــایە. بەڵام ئەگەر نووسـیمان: مـــن پـــێم وایە، ئیـدی لێکـدانەوەی ناڕاسـت پێشـکەش دەکـات. بـۆ نمـــوونە جێنـــاوی 'مـــن' لەگەڵ (I، Jag و أنـــا) هاوواتـــایە، هەروەهـــا 'پـــێم' لەگەڵ (My foot، Min fot، قـــدمي) هاوواتـــایە، 'وایە'ش لەگەڵ (That's right، Det är rätt، هذا صحيح) هاوواتایە.

ئامرازەکـــانی لاچـــک(preposition)ی وەک: بـــۆ، پـــێ، لـــێ، تـــێ ... ئەگەر لە پێکهـــاتەی وشـــەکە یـــان لە پێکهـــاتەی چـــاوگی داڕێـــژراودا نەبـــوون، واتە ڕۆڵـــی

پێشـــگریان نەبـــوو، دەبـــێ بە تەنیـــا و ســـەربەخۆ بنووسرێن، سەرنج لەم ڕستەیە دەدەین:

تەلەفـــۆنم بـــۆ باوکـــت کـــرد، بەڵام وەڵامـــی نەدایەوە، بەنـــاوی مـــنەوە ســـڵاوی لـــێ بـــکە، بە زاریـــش پێـــی بڵـــێ بەیانی سەردانی دەکەم.

جـا ئەگەر **'پـــێ'**ی پێوابـــوون لە پێکهـــاتەکە نەبـــایە، دەکـــرا، بە جیا بنووسرێ.

بـــا ســـەیری تـــێ لە (تێنـــان)، لـــێ لە (لێنـــان) و پـــێ لە (پێوەنـــان)بکەین، لەو چاوگـــانەدا تـــێ، لـــێ، پـــێ لاچـــک نـــین، بەڵکـــو بەشـــێکن لە پێکهـــاتەی چاوگەکـــانەوە. هەروەهـــا چـــاوگی داڕێـــژراوی (داوەرانـــدن، هەڵوەرانـــدن) وەربگـــرین، ئینجـــا ڕێســـای ئەکادیمیایـــان لەســـەر جێبەجـــێ بکەیـــن، ئەو کـــاتە دەبـــن بە: (تـــێم نـــا، تێـــت نـــا، تێـــی نـــا، تێمـــان نـــا، تێتـــان نـــا، تێیـــان نـــا؛ لـــێم نـــا، لێـــت نـــا، لێـــی نـــا، لێمـــان نـــا، لێتـــان نـــا، لێیـــان نـــا؛ پـــێم وەنـــا، پـــێت وەنـــا، پـــێی وەنـــا، پـــێمـــان وەنـــا، پـــێتـــان وەنـــا، پـــێیـــان وەنـــا)، هەر بە ڕێســـای ئەوانەوە، دەبـــێ بنووســـرێ: (دام وەرانـــد، دات وەرانـــد، دای وەرانـــد، دامـــان وەرانـــد، داتـــان وەرانـــد، دایـــان وەرانـــد)، بە قســـەی ئەوان بـــێ، دەبـــێ بنووســـرێ: (هەڵـــم وەرانـــد، هەڵـــت وەرانـــد، هەڵـــی وەرانـــد، هەڵمـــان وەرانـــد، هەڵتـــان وەرانـــد، هەڵیـــان وەراندن).

ئێستا که دەگەڕێنەوە سەر بەراوردی پێموایە لەگەڵ زمانەکانی دیکە، زۆر بە ئاشکرا هەڵە و کێماسی لەتکردن و هاوێرکردنی وشە بە هۆی جێناوی لکاوەوە دەردەکەوێ، کاتی ئەوە هاتووە کە ڕێزدارانی ئەکادیمیا پێداگری نەکەن و هەڵەکانی خۆیان ڕاست بکەنەوە. لەت کردنی وشە بە هۆی هاتنی جێناوی لکاو نەک هەر خزمەت بە ڕێزمانی کوردی ناکات، بەڵکو گورزێکی کاریگەریشی لێ دەوەشێنێ.

هەر لە پێوەند بە چاوگ و وشەی داڕێژراو و لێکدراوەوە، جێی خۆیەتی نموونەیەکی بچووک بهێنینەوە. ئاو لە یەکگرتنی یەک ئۆکسجین و دوو هایدرۆجین پێکهاتووە، هەر کاتێک ئاو هەڵوەشێنرایەوە، ئیدی ئاوەکە نامێنێ، بەڵکو دەبێتەوە بە گازی ئۆکسجین و هایدرۆجین. بێگومان ئەو ڕێسایە بۆ وشەش ڕاستە و نابێ پەیڤی داڕێژراو هەڵبوەشێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، بەڕێزانی ئەکادیمیا جەخت دەکەنەوە ئەگەر پیتەکانی 'ن، ب' بە دوای یەکەوە هاتن، ئیدی لە گۆکردندا پیتی 'ن' دەبێ بە 'م'! بۆیە ئەوان پێیانوایە کە **بەرامبەر** هەڵەیە و بەرانبەر ڕاستە، خۆ ئەگەر بۆ زمانی پەهلەوی دەگەڕێینەوە، دەبینین گومبەت هەبووە و هەر بە گومبەت گۆ

کـراوە، لە زمـانی کـوردی، بەتـایبەتیش لە بنـزاراوەی هەولێـرێ و بادینیـدا هەر بە گـومبەت مـاوەتەوە، کەچـی ئێسـتا لە زمـانی فارسـیدا بـووە بە گـونبەد (گنبـد)؛ وشـەی 'تەمبـور' لە پەهـلەوی هەبـووە، لە کـوردی هەر بە تەمبـور مـاوەتەوە و لە فارسـی بـووە بە تەنبـور؛ وشـەی چەمـبەری پەهـلەوی، لە کـوردی بە چەمـبەر مـاوەتەوە و لە فارسـی بـووە بە چەنـبەر؛ لە پەهـلەوی ئەمـبەر (عەمـبەر) هەبـووە، لە کـوردی بە عەمـبەر جێـوارە و لە فارسـی بـووە بە عەنـبەر؛ هەروەهـا 'شـەمبەت'ی پەهـلەوی لە فارسـی بـووە بە شـەنبە و لە کـوردی بە شـەممە، شەمو(هـ) و شـەمبی(ب) جێـوارە. هەروەهـا وشـەی هەمبـاز لە فارسـی بە ئەنبـاز گـۆ دەکـرێ، بەڵام لە زمـانی مـازنی و گیلەکیـدا هەر بە هەمبـاز مـاوەتەوە. لێـرەدا دەردەکەوێ کە ڕێسـای زمـانی فارسـی لە ڕێسـانی زمـانی پەهـلەوی و کـوردی دوور کەوتـۆتەوە، ئەوەتـا لە خـۆڕاوە پیتـی 'م'ی گومبەتیـان بـۆ پیتـی 'ن' گۆڕیـوە. لەوانەیە برادەرانـی ئەکادیمیـا لەژێـر کـاریگەری زمـانی فارسیدا ئەو هەستەیان بۆ دروست بووبێ.

کێشەکانی چاوگی ئاڵۆز

لە نێـــو زمـــانی کوردیـــدا، چـــاوگی جۆراوجـــۆر هەن، دەتوانرێ بۆ سادە و ئاڵۆز دابەش بکرێن، بۆ نموونە:

چـــاوگی ســـادە: تەنیـــا لەیەک وشـــەی واتـــاداری ســـەربەخۆ پێکـــدێ، وەک:(خـــواردن، نوســـتن، بـــردن، شووشتن، هاتن، ڕۆیشتن، چوون).

چـــاوگی چـــێ کـــراو: ئەم جۆرەیـــان بە هـــۆی لێکـــدانی چـــاوگی ســـادە و گرەکـــانەوە (پێشـــگر، پاشـــگر، یـــان هەردووکیـــان)ەوە چـــێ دەکـــرێ. دەتـــوانین ئەم ناوانەیان لێبنێین:

١- چـــاوگی داڕێـــژراو: لە چـــاوگێکی ســـادە و پێشـــگرێک یـــان چـــاوگێکی ســـادە و پاشـــگرێک چـــێ دەکـــرێ، یـــان هەردوو گـــرەکە واتە پێشـــگر و پاشـــگر لەخـــۆی لـــوول دەدا.

ئـــا: پێشـــگر + چـــاوگی ســـادە، وەک: (تێخســـتن، بەردان، تێبڕین، لێبڕین، پێکردن|داگیرساندن|).

بـــێ: چـــاوگی ســـادە + پاشـــگر، وەک: (بـــردنەوە، خواردنەوە، کردنەوە، شووشتنەوە).

پـــێ: پێشـــگر + چـــاوگی سادە+پاشـــگر، وەک: (لێکردنەوە، بەربوونەوە، هەڵگرتنەوە، تێخستنەوە).

٢- چاوگی لێکدراو: چاوگێکی سادە یان چاوگێکی داڕێژراو لەگەڵ وشەیەکی واتاداری دیکە یان پتر پێکهاتووە، وەک: دەستبڕین، لەبیرکردن، خۆشویستن، گەرمبوونەوە.

٣- **چاوگی ئاڵۆز:** بە هۆی چاوگێکی سادە و چەند پێشگر یان پاشگرێکەوە دروست دەبێ، وەک: (پێلێهەلگرتن، بەڕێخستن، تێڕاچوون، پێداچوونەوە).

بە هۆی ئەو چاوگانەوە، توانراوە وشەی واتادار دروست بکرێ، ئەگەر لەتێکی لێکرایەوە یان قرتێندرا، ئیدی ئەو واتایە ون دەکاتەوە کە بە هۆی لێکدانەوە بەرجەستەی کردبوو؛ بۆ نموونە:

پێلێهەلگرتن لە (پێ+لێ+هەلگرتن) پێکهاتووە، واتای خێرا ڕۆیشتن دەدات.

کاتێک ئەم چاوگە ئاڵۆزانە هەڵبوەشێنرێنەوە، واتای خۆیان بزر دەکەن. بۆ نموونە: ئەگەر بە هۆی چاوگی 'پێلێهەلگرن'ەوە، ڕستەیەک دروست کرا و بەم شێوەیە نووسرا: 'پێم لێ هەلگرت'، ئیدی واتاکەی خۆی ئاوەژوو دەبێتەوە، واتە تۆ پێت لەسەر شتێک هەلگرتووە، کە پێ هەڵدەگریت، ئیدی خێرایی کەم دەبێتەوە؛ بەڵام ئەگەر ڕستەکە بەم شێوەیە نووسرا : (من پێملێهەلگرت؛ واتە من خێراییم زیاد کرد). ئەمەش کتومت واتای ڕاستین بەرجەستە دەکات.

وشەی دووپات

بە هــۆی دەوڵەمەنــدی یــان بە هــۆی هەژاریــیەوە بــێ، زۆر جـــاران وشـــەکان لە زمـــانی کوردیـــدا بەدوای یەکدیــدا دووپــات دەبــنەوە، هەنــدێک جــار ڕاســتەوخۆ دووپــات دەبــنەوە و هەنــدێ جــاری دیــکەش پێویســتیان بە نــاوگر (ناوبەنــد)ی یاریــدەدەر دەبــێ. لێــرەدا ئامــاژە بەوانە دەکەین.

دووپــاتبوونەوەی وشــە دوو شــێوازی هەیە، ئەگەر بــێ یــارمەتی بــوو، لە گۆکردنــدا وشــەکان بەدوای یەکــدا دێــن و بەیەکەوە نــالکێن و لە نووسینیشــدا ئــاوێتەی یەکتــر نــابن، هەروەهــا کاتێــک بەیــارمەتی دووپــات دەبــنەوە، زۆربەیــان ئــاوێزانی یەکتــر دەبــن و وەک وشـــەیەکی لێکـــدراو دەنووســـرێن، بەڵام ئەگەر بە نــاوگری 'بە' و 'و' دووپــات ببــنەوە، ئەوکــاتە تــێکەڵاو نابن و وشەکان سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن.

١/ دووپاتبوونەوەی بێ یارمەتی. وەک:

ببــڕای ببــڕای، دڵــۆپ دڵــۆپ، تــک تــک، نــم نــم، هێــواش هێواش، هێدی هێدی،... هتد.

٢/ دووپاتبوونەوە بە یارمەتی:

1 - ناوگری 'ە'

پستەپســـت، تڕەتـــڕ، تکەتـــک، جینگەجینـــگ، چاوەچـــاو، چکەچـــک، چۆڕەچـــۆڕ، چەقەچەق،

حیزەحیـــز، خشـــەخش، دەنگەدەنـــگ، زیقەزیـــق، شوڕەشـــوڕ، شەلەشـــەل، فســـەفس، ڤڕەڤـــڕ، قڕەقڕ، قیڕەقیڕ، گڕەگڕ، نقەنق، ... هتد.

2- ناوگری 'او'

پڕاوپـــڕ، پشتاوپشـــت، تیواوتیـــو، دەستاودەســـت، ڕەنگاوڕەنـــــگ، زگـــــاوزگ، سەراوســـــــەر، قونـــاوقون، قەتـــاوقەت، گەرمـــاوگەرم، لنگاولنـــگ، ملاومل، هەرگیزاوهەرگیز، ...هتد.

3- ناوگری ' ان'

بەرانبەر، لێوانلێو، ... هتد.

4- ناوگری 'و'

بـــن دار و بـــن دار، خـــوار و خـــوار، ڕاســـت و ڕاست، ڕێ و ڕێ، سەربان و سەربان،...هید

5- ناوگری 'به'

پـــێ بە پـــێ، تـــۆڵە بە تـــۆڵە، دار بە دار، دەســـتە بە دەســـتە، ژن بە ژن، ســـەر بە ســـەر، شـــار بە شـــار، گونـــد بە گونـــد، هەنگـــاو بە هەنگـــاو، وڵات بە وڵات، ... هتد.

ئەرکەکانی 'دی' و 'تر' جیاوازن

زۆر جاران جیاوازی لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا ناکرێ، دەنا نێوانیان ئاسمان و ڕیسمانە. تر بۆ بەراوردە، بەڵام 'دی و دیکە' بۆ دووپات بوونەوەن، بۆ نموونە:

سارد، ساردتر، ساردترین، واتە پلەی بەراوردکاری بەڕێوە چووە.

سەربازێک کوژرا؛ سەربازێکی دی کوژرا؛ سەربازێکی دیکە کوژرا؛ سەربازێکی دیکەش کوژرا. لێرەدا پلەی دووپات بوونەوە بە دوای یەکەوە هاتوون.

گریمان، وەک هەندێک دەڵێن، تر ڕۆڵی دووپات بوونەوەی هەیەو هەمان ڕۆڵی دی دەبینێ! لێرەدا چوار ڕستەکەی سەرەوە دەنووسینەوە:

سەربازێک کوژرا= سەربازێک کوژرا.

سەربازێکی دی کوژرا= سەربازێکی تر کوژرا.

سەربازێکی دیکە کوژرا= سەربازێکی تریش کوژرا.

سەربازێکی دیکەش کوژرا=.....

لێرەدا تەنیا سێ دووپات بوونەوە ئەنجام دەدرێ و لەنگ خۆیا دەبێ، کەواتە تر و دی، دوو ڕۆڵی جیاوازیان هەیە.

هەرچەندە لە دەڤەری سلێمانی، بەزۆری تر بەکار دێ، بەڵام لەوێش جاروبار گوێمان لێ دەبێ، لەجیاتی تر سوود لە 'کە' وەردەگیرێ. بۆ نموونە: دەگوترێ ولاتێکی کە= ولاتێکی دیکە. لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین کە 'دیکە' بۆ 'کە' کورت بۆتەوە. دەگوترێ جارێکی کە= جارێکی دیکە. هەروەها لە زاراوەی بادینی و کرمانجیشدا 'دی' و 'دن' هەن، هەروەها لە زمانی گێلەکەیدا وشەی 'دیرە' لەگەڵ دی کوردی هاوواتەیە و لە زمانەکانی فارسی و فارسی دەریدا کە دوو پسمامی زمانی کوردین، وشەی 'دیگر' هەیە و هەمان واتای دی و دیکە دەدات. لە زمانی پەهلەوی ساسانی وشەکانی 'دیت' و 'دیتیکار' هەبوون و هاوواتای دی و دیکە بوون. ئیدی بەو هۆیەوە خۆیا دەبێ کە 'دی' و 'دیکە' و 'دن' شیاوتر و گونجاوترن.

سان، پاشگرێکی لەبیرکراو

وشەکانی 'دیسان، نیسان، هەمیسان، ڕاسان، زمسان، گۆسان و...هتد' لێکدراون و بە هۆی پاشگری 'سان'دوە چێ کراون، بەڵام هەتا ئێستا سان وەک پاشگر باسی لێوە نەکراوە، یان من وەبەرچاوم نەکەوتووە.

سان پاشگرێکی لەبیرکراوە، دەنا کاریگەری بەهێزی لە دروستکردنی وشەی نوێدا هەیە و واتای دووپات بوونەوە دەدا. ئەگەر وشەکانی (دی، نی هەمی، ڕا، زم، گۆ) وەربگرین، دەبینین کە هەریەکەیان بەتەنیا واتا و مانای تایبەتی خۆیان هەیە.

'دی': ئەگەر پێشتر، ڕووداوێک قەومابێ، دواتر ڕووداوێکی هاوشێوە خۆی دووپات بکاتەوە، دی وەردەگرێ، یان بە دی ڕستەکە پڕ دەبێتەوە. بۆ نموونە:

فێرخوازێک هات.

فێرخوازێکی دی هات.

دوێنێ ڕۆیشت، ئەمڕۆ **دیسان** هاتەوە.

' نی ': لەگەڵ نو، نوێ و تازە هاوواتایە. ئەگەر شتێک نۆژەن بێتەوە، نی وەردەگرێ. بۆ نموونە:

نیبڕ، واتە لەنوێ دەیبڕنەوە، یان دەیکێڵنەوە.

نیڕۆژ، واتە ڕۆژێکی نوێ.

نیسان ناوی مانگی چوارەمی ساڵی زایینییە، پێموانوایە کە وشەیەکی سریانییە، بەڵام ئەگەر باش لێی ورد ببینەوە، دەردەکەوێ کە واتای دیسان نوێ بوونەوە دەدات. لە دینی ئێزدیدا لە مانگی نیساندا زەوی ئاوس دەبێ، گژ و گیا دەبوژێنەوە، گوڵ خونجە دەکات و دونیا سەوز دەبێ. وشەی **نیسان** واتای نوێ بوونەوەیەکی دیکە دەدات.

' ڕا ': ڕەگی چاوگی ڕابوونە و جیاوازی لەگەڵ 'ڕا'ی پێشگر و پاشگردا هەیە و واتای هەڵسانەوە دەدا. بۆ نموونە:

ئەگەر ڕابوونێک هەبووبێ و دواتر ڕابوونێکی دی ڕووبداتەوە، دەبێ بە **ڕاسان**. واتە ڕابوونەوەیەکی دیکە، یان دووپاتبوونەوەی ڕابوونێکی دیاریکراو.

' زم ': لە دێرینەدا واتای وەرزی ساردی داوە، هەرکاتێ وەرزی ساردی هاتۆتەوە، بووە بە **زمسان**. دواتر بۆ 'زمستان، زستان، جستان' گۆڕاوە.

' گۆ ': لە گۆتن و ئاخافتنەوە هاتووە. کەسێک کە قسە دەکا، واتە زمانی گۆ دەکا، بۆیە ئەوانەی کە زۆر قسەیەکیان دووپات کردۆتەوە و سروودیان چڕیوە، پێیان گوتراوە **گۆسان**.

لێرەدا سان وەک پاشگر خۆی پێشانداوە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە زمانزانان ڕەگەڵ پاشگرەکانی دیکەی بخەن و تۆماری بکەن.

سێ لنگی ڕێزمانی کوردی

ڕێزمانی کوردی سێ لنگی بۆ هەموو شتەکانی خۆی دروست کردووە، واتە سێ شێوە و دۆخی بۆ دارشتوون. کورد بەمانە دەڵێ: سێپێک.

پەیڤ، سێ بەشی هەیە: ناو، کار، ئامراز.

ناو، سێ جۆرە: بوونەوەر(گیاندار)، بێگیان، پەسن.

کار سێ دۆخی هەیە: ڕانەبردوو، ڕابردوو، داخوازی.

ڕستە سێ جۆرە: ڕاگەیاندن، پرسیاری، مەندەهۆشی.

جێناوی کەسی سێ جۆرن:

١-ئاخێوەر (کەسی یەکەم)، قسەکەر.

٢-گوێگر (کەسی دووەم)، قسەلەبەر.

٣-نائامادە (کەسی سێیەم)، قسەلەسەر.

جێناوی ئاماژە و **هەڤاڵناوی ئاماژەی** تاک و کۆش، هەریەکەیان سێ پلەیان هەیە، بەڵام مخابن زمانزانان تەنیا ئاماژەیان بە دوو پلە داوە.

جێناوی ئاماژە لە زاراوەی سۆرانیدا

جێناوی ئاماژەی کەسی تاک:

1 - بۆ تاکی نزیک: ئەمە.

ئەمە خوشکمە.

2 - بۆ تاکی دوور: ئەوە.

ئەوە خوشکمە.

3 - بۆ تاکی دوورتر: ئەوێهێ.
ئەوێهێ خوشکمە.

جێناوی ئاماژەی کەسی کۆ:

1 - بۆ کۆی نزیک: ئەمانە.
ئەمانە برای منن (برامن).
2 - بۆ کۆی دوور: ئەوانە.
ئەوانە برای منن (برامن).
3 - بۆ کۆی دوورتر: ئەوانێهێ.
ئەوانێهێ برای منن(برامن).

هەڤاڵناوی ئاماژە لە زاراوەی سۆرانیدا

هەڤاڵناوی ئاماژە بۆ تاک.

1 - بۆ تاکی نزیک: ئەم..ە
ئەم کچە خوشکمە!
2 - بۆ تاکی دوور: ئەو..ە
ئەو کچە، خوشکمە.
3 - ئەو..یێ هێ
ئەو کچێ هێ خوشکمە.

هەڤاڵناوی ئاماژە بۆ کۆ.

1 - بۆ کۆی نزیک: ئەم ..انە
ئەم کچانە لە زانکۆ دەخوێنن.
2 - بۆ کۆی دوور: ئەو..انە
ئەو پیاوانە کرێکارن.
3 - بۆ کۆی دوورتر: ئەو..انەێ.
ئەو ژنانێەێ جوانن. ئەوانێەێ کوردن.

ناسینەوەی جێناوی ئاماژە و هەڤاڵناوی ئاماژە

بێگومان، ناو ڕۆڵی کاریگەر لە دیاریکردنی جێناوی ئاماژە و هەڤاڵناوی ئاماژەدا دەبینێ، بەو هۆیەشەوە لە یەکدی جیا دەکرێنەوە. ئەگەر ناو لە ڕستەدا نەبوو، ئەرکی جێناوی ئاماژە دەبینێ و بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ناو هەبوو، ئەرکی هەڤاڵناوی ئاماژە دەبینێ و وشەکە خۆی لەت دەکات. بە کورتی: هەڤاڵناوی ئاماژە ئەرکی دیارخەری ناو دەبینێ، بەڵام جێناوی ئاماژە هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێ.

جێناوی ئاماژەی لە زاراوەی بادینیدا

جێناوی ئاماژەی کەسی تاک.

1 - بۆ تاکی نزیک: ئەڤە (ڤی، ڤێ).
ئەڤە برایێ منە. ئەڤە خویشکا منە.
بۆ نێر: ڤی کار نەکرییە.
بۆ مێ: ڤێ نان خارییە (خواردییە).
2 - بۆ تاکی دوور: ئەوە(وی، وێ)
ئەو گول دچینیت.
بۆ نێر: وی گول دچینیت.
بۆ مێ: وێ گول دچینیت.
3 - بۆ تاکی دوورتر: ئەوێھە، ئەواھە
بۆ نێر: ئەوێھە ئەرکێ خوە نڤیسی بوو.
بۆ مێ: ئەواھە نەشیا بلڤیت.

جێناوی ئاماژەی کەسی کۆ .

1 - بۆ کۆی نزیک: ئەڤان (ڤان)
ئەڤان دگەل مە دئاخڤن.
2 - بۆ کۆی دوور: ئەوان (وان)
وان گازی مە دکەن.
3 - بۆ کۆی دوورتر" ئەوێنھە.
ئەوێنھە ئەندازیارێن کەھرەبێنە.

هەڤاڵناوی ئاماژە لە زاراوەی بادینیدا

هەڤاڵناوی ئاماژەی تاک.

1 - بۆ تاکی نزیک:

نێر: ئەڤ، ڤی.

ئەڤ کور، برایێ منە.

ڤی کوڕی برایێ منە.

بۆ مێ: ئەڤ، ڤێ

ئەڤ کچ، خویشکا منە.

ڤێ کچێ خویشکا منە.

2 - بۆ تاکی دوور:

بۆ نێر: ئەو، وی

ئەو کورِ برایێ منە.

وی کوڕی برایێ منە.

بۆ مێ: ئەو، وێ

ئەو کچ، خویشکا منە.

وێ کچێ خویشکا منە.

3 - بۆ تاکی دوورتر:

بۆ نێر: ئەو..یّەھە، وی..یھە.

ئەو کوڕیّەھە، برایێ منە.

وی کوڕیھە، برایێ منە.

بۆ مێ: ئەو..اھە، وێ..یّەھە.

ئەو کچاھە، خویشکا منە.

وێ کچیّەھە، خویشکا منە.

هەڤاڵناوی ئاماژەی کۆ.

بۆ کۆی نزیک: ڤان

بۆ نێر: ڤان کرێکاران، ل بەنگلادیشێ هاتنە.

بۆ مێ: ڤان کچان ب باشی کار دکەن.

1 - بۆ کۆی دوور: وان

بۆ نێر: وان کوڕان ب کوردی دئاخڤن.

بۆ مێ: وان کچان ب کوردی دئاخڤن.

2 - بۆ کۆی دوورتر: یێن..هان (یێن..ها)

بۆ نێر: تو کوڕێن ها دبینی؟

بۆ مێ: تو کچێن ها دبینی؟

جێناوی ئاماژەی شوێن لە سۆرانیدا

1 - بۆ نزیک: ئێرە، (لە ئێرە= لێرە).

ئەو دێتە ئێرە. ئەوان دێنە ئێرە.

ئەمڕۆ لێرە نەبوو. ئەمڕۆ ئەوان لێرە نەبوون.

2 - بۆ دوور: ئەوێ، (لە ئەوێ= لەوێ).

تکایە برۆ ئەوێ. تکایە برۆنە ئەوێ.

ئەو لەوێ نەبوو. ئەوان لەوێ نەبوون.

3 - بۆ دووتر: ئەوێندەرێ، (لەوێندەرێ).

تکایە برۆ ئەوێندەرێ.

تکایە برۆنە ئەوێندەرێ.

ئازاد لەوێندەرێ نەبوو.

ئازاد و نەوزاد لەوێندەرێ نەبوون.

جێناوی ئاماژەی شوین لە بادینیدا

بۆ نزیک: ڤێرێ.

م گۆتێ بهێتە ڤێرێ. م گۆتە وان بهێنە ڤێرێ.

1 - بۆ دوور: وێرێ

م گۆتێ هەرە وێرێ.

من گۆت(گۆتنێ) هەرنە وێرێ.

2 - بۆ دوورتر: وارا

م گۆت تو دشێی لە وارا بنڤی.

م گۆت هوین ل وارا ئێک و دوو ببینن.

شەڕ بە پیتەکانی 'ح، ع، غ، ق' مەفرۆشن، ئەوانیش دێرینن

زۆر جاران باس لە ڕەسەنێتی ئەو پیتانە کراوە، بەڵام هەر ناوە ناوە وەک تیراوە و لاڕەشە بە بن دەدەنەوە؛ هەر کێ ڕاست دەبێتەوە، یەخەیان دەگرێ، پلوکە بەردیان تێ دەگرێ و شەڕیان پێ دەفرۆشێ.

ڕاستییەکەی زمانزانان لەسەر ئەوە هاوڕان کە ئەگەر دەنگێک (پیتێک) لەتەنیا یەک وشەی خۆمالّی زمانێکدا هەبێ و گۆبکرێ، ئیدی ئەو زمانە خاوەندارێتی لێ دەکات؛ لە نێو زمانی کوردیشدا وشەگەلێکمان هەن کە بە هۆی یەکێک لە پیتەکانی 'ح، ع، غ، ق' ەوە پێکهێنراون. هەرچەندە کە پێشتر لە سیپارۆکەی زمانەوانیدا ئاماژەمان بە دەیان وشە دابوو، بەڵام ئێستا هەندێک بیانۆی ئەوە دەهێنەوە کە دۆخەکانی کار بەسەر ئەو وشانەدا ساغ نابنەوە کە یەکێک یان زیاتر لەو چوار پیتەیان تێدایە، بۆیە ناچارم بۆ هەر یەکێک لەو پیتانە چەند نموونەیەک بهێنمەوە.

یەکەم: پیتی ح

1 - حەپەحەپ:

سەگێک دەحەپێ.
سەگەکە حەپی (حەپاندی).
سەگەکەی من، تۆش بحەپە.

2- حەوانەوە:

بووک لەگەڵ ماڵە خەزووڕانی ناحەوێتەوە.
ژنەکە لە ماڵە خەزووڕانی حەواوەتەوە.
ژنێکی باش بە و بۆخۆت بحەوێوە.

3- حەسانەوە:

کەی کرێکار دەحەسێتەوە؟
لەسێبەری براکەیدا حەساوەتەوە.
برۆ پشوو بدە و بحەسێوە.

4- حیلاندن:

ئەسپەکە دەحیلێنێ.
ئەسپەکە حیلاندی.
دەی ئەسپەکەم بحیلێنە.

5- حریتە:

کچەکە دەحریتێنێ.
کچەکە حریتا (حریتاندنی).
کچەکە بحریتێنە.

6- ڕەحەت:

ئەوان خۆیان ڕەحەت دەکەن.
ئەوان ڕەحەت بوون،
کەی ئێوەش خۆتان ڕەحەت دەکەن؟

دووەم: پیتی ع

1 - باعەباع:

بەرخەکە دەباعێنێ.

بەرخەکە باعی (باعاندنی).

بەرخەکەی من، تۆش ببباعێنە.

2 - عیوەعیو:

ئەوان دەعیوێنن.

ئەوان عیواندیان.

پێمگوتن: هەمووتان بعیوێنن.

3 - عەو:

عەوڕکەی من هەر دەعەوێنێ.

سەگەکەی ئازاد عەوا(عەواندنی).

دەی گوجیلەسەگ تۆش بعەوێنە.

4 - عاملان:

مەیتەر ئەسپ دەعاملێنێ.

ئەو ئەسپەکەی عاملاندووە.

برۆ ئەسپەکە بعاملێنە.

5 - عۆڕین:

گامێشەکە دەعۆڕێنێ.

گامێشەکە عۆڕی (عۆڕاندنی).

وەک گامێش بعۆڕێنە.

سێیەم: پیتی غ

1 - غاراندن:

ئەو پێست دەغارێنێ.

ئەو دوو پێستی غاراند.

دەی تۆش پێستێک بغارێنە.

2 - غاردان:

ئەو غاردەدا.

ئەو غاریدا.

تۆش غاربدە.

3 - بـــــــــوغز: (لەوانەیە ئەم وشـــەیە لە عەرەبیـــیەوە وەرگیرابێ)

ئەو خزمەکانی خۆی دەبوغزێنێ.

ئەو خزمێکی خۆی بوغزاند.

دەی تۆش دوژمنت ببوغزێنە!

4 - غەزرین:

ئەو دەغەزرێ (دەغەزری).

ئەو غەزری.

تۆش بغەزرە.

5 - چەغاندن:

ئەو سەگەکە دەچەغێنێ.

ئەو سەگەکەی چەغاند.

تۆش سەگەکە بچەغێنە.

6 - غەور:

سوارەکە غەور دەبی.

سوارەکە غەور بوو.

دەبڕۆ بغەورە (غەوربە).

7 - غڵتاندن:

نەخۆشەکە دەغڵتێنێ.

نەخۆشە غڵتاندی.

تۆش بغڵتێنە.

8 - غەید:

ئەو دەغەیدێ.

ئەو غەیدی.

تۆش بغەیدە.

چوارەم: پیتی ق

1 - قۆڕاندن:

مانگاکە دەقۆڕێنێ.

مانگاکە قۆڕی (مانگاکە قۆڕاندنی/ قۆڕانی).

دەی وەک مانگا بقۆڕە (بقۆڕێنە).

2 - قووقاندن:

کەلەشێر دەقووقێنێ.

کەلەشێر قووقی (قووقاندنی/ قووقانی).

دەی کەلەشێرەکە بقووقێنە.

3 - قریواندن:

کچەکە دەقریوێنێ.

کچەکە قریواندنی(قریوانی).

بەسە مەقریوێنە.

4 - قەڕسین:

ئەو دەقەڕسێ.

ئەو قەڕسا.

تۆ بقەڕسە.

5 - قیژاندن:

منداڵەکە دەقیژێنێ.

منداڵەکە قیژاندنی.

تۆش بقیژێنە.

6 - چوقاندن، قوچاندن:

چاوی دەقوچێنێ (دەچوقێنێ).

چاوی قوچاند (چوقاند)

چاوت بقوچێنە (بچوقێنە).

7 - قڕساندن.

ڕەزو باغەکانی باوکیان دەقڕسێنن.

ئەوان هەموویان قڕساند.

تۆ دەتوانیت داهاتی ڕەزەکان بقڕسێنیت؟

بە هـۆی ئەو وشـانەی کە ئاماژەیـان پێـدرا، دەبـێ ئاوڕێـــک لە ڕابـــردووی کـــۆمەڵی کـــوردەواری بـــدەینەوە. کـــۆمەڵی کـــوردەواری لە دەســـتپێکدا ئاژەڵـداری و کشـتوکاڵی بـووە. دەکـرێ بگـوترێ لە مـــرۆڤە ســـەرەتاییەکان بـــوون کە پەلەوەر و ئاژەڵیـان دەســتەمۆ و مـاڵی کـردووە. ئـاژەڵ و پەلەوەریـش دەنگـی تایبەتییـان هەیە. دەنگەکـانی ح، ع، ق، غ لەنێـــو دەنگـــی ئەو بـــوونەوەرانەدا هەبـووە کە باپیرانمـان ڕایـانگرتوون و سـوودیان لـــێ وەرگرتـــوون. لەوانەیە هەر بەو هۆیەشـــەوە ئەو دەنگـانە لەنێـو زمـانی کوردیـدا چەسـپاون و جێـی خۆیـان کـردۆتەوە. تەنـانەت دەنگـی بـا، گەڵای دار، خشـــپەی مـــار، هەور، بروسـکە و دیاردەکـــانی دیـــکەش کاریگەرییـــان دانـــاوە و شوێنی خۆیان کردۆتەوە.

لەلایەکـی دیـکەوە، مێـژووی ئەو ڕاسـتییەی تۆمـار کـردووە کە هەزاران سـاڵ پـێش هـاتنی عەرەب بـۆ نـــاوچەکە، نەتەوەی کـــورد لەگەڵ ســـریان و ئـارامی، هەروەهـا لە هاوسـێیەتی عیبریـدا ژیـاوە، بێگومـــان ئەو بەیەکەوە ژیـــانەش کـــاریگەری لەســەر زمانەکـان دانـاوە. لەوانەیە زۆربـوونی ئەو پیتـــانە بە هـــۆی ئەو هاوســێیەتی و هاوزێـدییەوە پتر بووبێ.

بەرهەمە چاپکراوەکانم

ناوی بەرهەم	جۆری بەرهەم	ساڵی چاپ
پەیامی دەشتێو	هۆنراوە	1980
گەڵاڕیزان لە کۆچێکی خەماویدا	هۆنراوە	1987
دوازدە مۆری ملوانکەیەک	هۆنراوە	1988
جەرگەبەز لە دوای مەرگـــــــــــی دێوەرەیەک	هۆنراوە	1989
ڕۆژێکی هاوین	چیرۆک	1989
ڕێگەکان یەکدەگرنەوە، بەڵام...	سیاسی	1990
ئەستێرەی داڕێژراوە	چیرۆک	1991
بۆ وەنەوشە	هۆنراوە	1993
بەرەو رزگاری و سەرخۆبوون	سیاسی	1995
خوێندنەوەی ١٠ ساڵەی ڕزگاری	سیاسی	2003
نۆژەن	ڕۆمان	2005
مەموندی و بۆچوونەکانی سەبارەت بە پەیدابوونی	مێژوویی	2012
یەکگرتن و هەڵوەشانەوە	مێژوویی	2016
کۆمێک وشەی کوردی	بەدواداچوون	2019
خواندنا کوردی بۆ ئاستا ئێکێ	فێرکاری	2020
سروپێک پەیڤی ڕفێندراو	بەدواداچوون	2020
سیپارۆکەی زمانەوانی	زمانەوانی	2020
پەهلەوی لەنێوان کوردی و فارسیدا	لێکۆڵینەوە	2021
زمـــــانی پەهـــــلەوی لە تەرازووی بەراوردکاریدا	لێکۆڵینەوە	2021

Sîparokey Bineçenasî

Nûsînî:
Rêkar Eh`med

2021 **Siwêd**